ئەدۆنیس

نوێکردنەوەی ئەقڵی عەرەبی

وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

سەرچاوە

ادونيس، الثابت و المتحول – بحث في الابداع و الاتباع عند العرب، الجزء الثالث: صدمة الحداثة و سلطة الموروث الديني، دار الساقي – لندن – ط 8، 2002.

ناوی کتێب: نوێکردنەوەی ئەقڵی عەرەبی
ناوی نووسەر: ئەدۆنیس
ناوی وەرگێڕ: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
زنجیرەی ژمارە (105)ی کتێبی گیرفان
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
سلێمانی - 2009

ناوەڕۆك:

1- نوێكردنەوەی ئەقڵی عەرەبی.........................
2- ستاتیك و دینامیك............................
3- شیعرو فەلسەفە، دەروازەیەك بۆ جیهانی ئەدۆنیس.........
4- شیعرو بیر.................
5- دیدی فەلسەفییانەی شاعیر..........
6- زمانی ڕەهاو جیهانی بێسنوور.................
7- فاكتەرەكانی پێكهاتەی فیكری ئەدۆنیس.........
8- جیاوازی و لێكبوردن...........
9- ئەدۆنیس و سۆفیزم..........
10- لەنێوان دیمەشق و بەیروت............

نوێكردنەوەی ئەقڵی عەرەبی
"گفتوگۆ–توێژینەوە"

ئەم بابەتە لە شێوەی گفتوگۆدا ئامادەكراوەو لە چاپی هەشتەمی كتێبی ستاتیك و دینامیك (الثابت و المتحول)دا بلأوكراوەتەوە[1]، ئەدۆنیس دەبوو موحازەرەیەك پێشكەش بكات بەلأم خۆی وای پێ باش بووە گوێگرانیش بەشداریی بكەن و لە شێوەی پرسیار و وەلأمدا بابەتی نوێكردنەوەی عەقڵی عەرەبی بخەنەڕوو، بەمجۆرە ئەم بابەتە لە شێوەی (توێژینەوە – گفتوگۆ)دا ئەنجام دراوە بەو پێیەی ئەمە جۆرێكی دیكەیە لە گفتوگۆ هەروەكو لە هەمان كاتدا چەشنێكی دیكەیە لە توێژینەوە.

ئەسعەد غەندور: بەخێربێن بۆ سیمیناری "دیموكراتیخوازە عەلمانییەكان". ئێمە پێشتر لێرەدا لەگەڵ دكتۆر محەمەد ئاركۆن لە بارەی "نوێكردنەوەی فیكری ئیسلامی" گفتوگۆمان كردووەو پاشان لەگەڵ مامۆستا ئەلیاس مەرقوس لە بارەی "نوێكردنەوەی فیكری نەتەوەیی" دیدارێكمان سازداوە، ئەمڕۆش گفتوگۆ و وتووێژێك لەگەڵ دكتۆر ئەدۆنیس (عەلی ئەحمەد سەعید) ساز دەكەین لە بارەی "مەسەلەی نوێكردنەوەی عەقڵی عەرەبی"، وابزانم ئەم سیمینارە لە رێگەی پرسیارەكانی ئێوەوە ئەنجامدەدرێ كە ئەدۆنیس وەلأمیان دەداتەوە و ئیدی گفتوگۆیەكە فراوان دەبێتەوەو هەر كەسێك دەتوانێت بەشداری بكات، دكتۆر ئەدۆنیس ئەم رێگەیەی پێ باشترە بۆ پێشكەشكردنی بابەتەكەی.

ئەدۆنیس: من بەم دیدەنییە زۆر خۆشحاڵم. بەڕای من پێویستە جۆری موحازەرەكان بگۆڕدرێ بە چەشنێك ئەو كەسەی بابەتی موحازەرەكە پێشكەش دەكات خۆیشی ببێت بە گوێگر و رێگە بدات ئەوانیدیش قسە و پرسیار بكەن، ئەمەش وا لە توێژینەوەكە دەكات بەشداریی هەمووانی تیادابێت، كەواتە، من هاتووم تا گوێ لە ئێوەش بگرم و وتووێژ بكەین.

غەسان ئیستیفان: بابەتی "نوێكردنەوەی عەقڵی عەرەبی" بابەتێكی زۆر فراوانە، لە خستنە ڕووی بابەتێكی لەم چەشنەدا دەیان بیری جۆراوجۆر بەزەیندا تێدەپەڕێ. من لە ڕاستیدا كۆمەڵێ پرسیارم هەیە، بەلأم ئێستا تەنها ئەم پرسیارە دەخەمە ڕوو:

لە زۆربەی كتێب و گۆڤارە عەرەبییەكاندا. لەوانە گۆڤاری (مواقف)یش[2]، دەستەواژەی "تایبەتمەندیی عەرەبی" یان "تایبەتمەندیی ئیسلامی" یان "تایبەتمەندیی عەرەبی – ئیسلامی" یان "تایبەتمەندی خۆرهەلأتی" بەكاردەهێنرێت. ئەم دەستەواژەیە لەلای ئەدۆنیس چیدەگەیەنێت؟ شوێنگەی ئەم دەستەواژەیە لە تێگەیشتنی ئەدۆنیس بۆ تازەكردنەوەی عەقڵی عەرەبی چییە؟ ئەم دەستەواژەیە و ناوەرۆكە جۆراوجۆرەكانی، چۆن ئیشكالییەتی تازەگەری (مۆدێرنیزم) بە مانا خۆرئاواییەكەی (یان بە مانای بەخۆرئاواییكراوەكەی) شیدەكاتەوە، هەروەها پەیوەندی ئەم ئیشكالییەتە بە ئیشكالییەتی "تەقلیدییەتی ئیسلامی" یان "تەقلیدییەتی عەرەبی – ئیسلامی" یان "تەقلیدییەتی خۆرهەلأتی"؟ بە بۆچوونی من ئەم دوو ئیشكالییەتە ماوەیەكی ئێجگار زۆرە

قسەوباس یاخود گفتوگۆیەکی جەدەلی پێکدەهێنن و ئەمەش زۆر جار یەکێ بووە لە هۆیە بنچینەییەکانی زاڵ بوونی لاساییکردنەوە (یان ستاتیك) بەسەر تازەگەریدا (یان دینامیك).

ئەدۆنیس: ئەم پرسیارە لە هەلومەرجی ئەمڕۆماندا و لە رووی کولتوورییەوە بایەخ و گرنگیەکی گەورەی هەیە و باوەڕیشم وایە هەمیشە بەکراوەیی دەمێنێتەوە بۆ وتووێژکردن. زەحمەتیشە وەڵامی ئەم جۆرە گرفتانە بدرێتەوە. بەڵام، من هەندێ بۆچوون و گۆشە نیگام هەیە، هەوڵدەدەم لێرەدا بیانخەمە ڕوو، باوەڕم وایە ئێمە ئەمڕۆ لە قۆناغی گواستنەوەدا دەژین بەڵام بەجۆرێك لە تەم داپۆشراوە، دەبینین مادەی مەعریفە و کەرەستەکانی مەعریفەش پەرتدەبن.

من وایدەبینم بەرهەمهێنانی مەعریفی لە سەرەتاکانی چەرخی رێنیسانسەوە تا ئەمڕۆ بەرهەمهێنانێکی ئایدیۆلۆژی بووە، لەبەرئەوەی ئەم بەرهەمە پتر خەریکی شاردنەوەی واقیع و راستییەکان بووە وەك لەوەی کەشفیان بکات. لێرەوە، دەبێ قۆناغی داهاتوومان هەر لە ئێستاوە، بریتی بێت لە: قۆناغی نا ئایدیۆلۆژیی مەعریفە، واتە دوورخستنەوە و بگرە سڕینەوەی ئایدیۆلۆژیا لە مەعریفە، واتە دەبێ لە میرات و کەلەپووری عەرەبییەوە و هەروەها لە ئێستای عەرەبییەوە گۆڕەپانێك یان بوارێك بۆ مەعریفەی بابەتی بگرین. لەم ئاستەشدا باوەڕم وایە دەبێ هەموو ئەو شتانە جێبهێڵین کە بە زۆر سەپاندوومانە، بۆ نموونە، با چیتر نەڵێین (ابو ذر الغفاري)[3] کەسێکی مارکسیست یان سۆشیالیست بووە، یان شۆڕشی قرمتییەکان[4] سەرەتایەك بووە بۆ شۆڕشی کۆمۆنیزم.. هتد، ئەمە لە قۆناغێکدا و لە ئاستی راگەیاندنی سیاسی پڕوپاگەندە بۆ کراودا تاڕادەیەك مەقبول بوو، بەڵام ئەمڕۆ زۆر زەحمەتە ئەم جۆرە بیرۆکانە وەربگرین.

دەبێ بەو جۆرە لە کەلەپوور بخوێنین کە هەیە و لە پەرەسەندنی خۆیدا لێی بکۆڵینەوە، چونکە کەلەپوور بەو جۆرەی خۆی و لە پەرەسەندنی خۆیدا باشترین بواری مەعریفییە کە لە ئێستاو لە داهاتووشدا سوودی لێوەردەگرین. تایبەتمەندێتی و هەر شتێکی دی پەیوەست بەو، لە راستیدا دەچێتە ناو تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژییانەوە. مۆرکی گشتیی چەمکی تایبەتمەندیش لە توێژینەوە جۆراوجۆرەکاندا بەو شێوەیە دیاریکراوە کە: تایبەتمەندی جۆرێکە لە خاڵێکی جێگیر لە رابردوودا و دەبێ ئێمە هەموومان پەیوەست بین بەو خاڵە جێگیرەوە، بەڵام ئەو خاڵە جێگیرە چییە؟ دەبینین ئایدیۆلۆژیستێکی موسڵمان ئەو خاڵە جێگیرە لە ناو ئایدیۆلۆژییەکەی خۆیدا دیاریدەکات. عەرەبێکی ناسیونالیستیش لەناو سنوورەکانی ئایدیۆلۆژیاکەیدا دەستنیشانی ئەو خاڵە جێگیرە دەکات. ئەوەندەی من بزانم تا ئێستا مارکسیستێك ئەو خاڵە جێگیرەی دیاری نەکردووە، بەڵام دەشێت ئەویش دیسان لەناو چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاکەی خۆیدا دەستنیشانی بکات.

ئەمە، لە سەرێکی دیکەوە تا ئەمڕۆ توێژینەوە لەسەر تایبەتمەندی نەکراوە تەنها بەبەراوردکردن لەگەڵ خۆرئاوادا نەبێت. مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ خۆرئاوادا مەسەلەیەکە ئەمڕۆ زۆر بە توندی گرفتی تایبەتمەندی دەهێنێتە پێشەوە و دەیخاتە ڕوو. لەبەرئەوە پێموایە، دەبێ یەکەمین شت، وەك توێژەرێك، ئەنجامی بدەین، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە نییە کە دەڵێ: تایبەتمەندی چییە؟ بەڵکو بریتییە لە لێکۆڵینەوەی رێچکەی شیکاریی وەڵامە جۆراوجۆرەکانی ماهیەتی تایبەتمەندی، واتە لێکۆڵینەوە و خوێندنی ئەو بابەتەی لەبەر دەستمانە بۆ ئەوەی بزانین چۆن لەم مەسەلەیە کۆڵراوەتەوە. پاشان لە قۆناغی دووەم یان لە هەنگاوی دووەمدا دەبێ لە ئیشکالییەتی پەیوەندی

خۆرهەڵات بە خۆرئاواوە بکۆڵینەوە، هەروەها پەیوەندی عەرەب بە خۆرئاواو چۆن ئەم پەیوەندییە سەریهەڵداوەو گەشەی کردووە؟ ئاخۆ جۆری ئەو پەیوەندییە چییە و بۆچی بەو چەشنەیە؟ لەوانەیە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ئەم ئیشکالییەتە بەرەو جۆرێك لە وەڵامدانەوەی (گرفتی تایبەتمەندی)مان ببات.

سەبارەت بەخۆم، من ئێستا لە قۆناغێکدام چاو بە هەموو شتێکدا دەخشێنمەوە، باوەڕیشم وایە دەبێ جارێکی دیکە و سەر لە نوێ لە ئیشکالییەتی پەیوەندی خۆرهەڵات بە خۆرئاوا بکۆڵینەوە و پێویستە لە ڕەگوڕیشەوە لەم پەیوەندییە بتوێژینەوە. بگرە لەوەش زیاتر: من پێم وایە ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەیەکی تەواو داگیرکاریدا خراوەتەڕوو چونکە خۆرهەڵات لە رابردوودا سێنتەری شارستانیەت و چەقی ڕۆشنایی ژیاری بووە. ئەوسا خۆرهەڵاتی عەرەبی رۆشنایی پەخش دەکرد و خۆرئاواش وەرگربوو. بەڵام لە چەرخە نوێیەکاندا ئەم مەسەلەیە تەواو پێچەوانە بووەوەو ئێستا عەرەبەکان وەرگرن و ئەوەیشی کە پێیدەڵێن "خۆرئاوا" بریتییە لە چەقی پەخش و ناوەندی بەخشین و بڵاوکردنەوە.

لە ئاستی قووڵی شارستانیدا من باوەڕم وانییە لێرەدا خۆرهەڵات و خۆرئاوا هەبێت. بەڵکو لێرەدا مرۆڤ هەیە دەگەڕێ و زانیاری کەشف دەکا و لەگەڵ پێدراوە مێژووییەکانی خۆیدا خۆی دەگونجێنێ. لەبەرئەوە، دیسان دەڵێم مەسەلەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، ئەمڕۆ لەناو چوارچێوەیەکی داگیرکاری و ئیمپریالیدا دەخرێتە ڕوو پتر لەوەی لەناو چوارچێوەیەکی شارستانیدا بخرێتەڕوو، واتە یەکێ لە ئامانجە ئایدیۆلۆژییە گرنگەکانی خۆرئاوا بریتییە لە هێشتنەوەی لێکترازانی نێوان ئەوەی پێیدەوترێ "خۆرئاوا" و ئەوەی پێیدەوترێ "خۆرهەڵات"، بۆ ئەوەی خۆرهەڵات بەمانایەك لە ماناکان هەمیشە پاشکۆی خۆرئاوا بێت. لێرەوە، پێم وایە شۆڕشی ئێرانی ڕووداوێکی گرنگە، چونکە بەچاو پۆشین لە هەموو هەڵە و کەموکورتیەکانی – گەڕانەوەیەکە بۆ ئاگایی خود کە لە ئیسلامەوە دەست پێدەکات. لەبەرئەوە بواری ئەم بابەتە بوارێکی فراوان و گەورە و ئاڵۆزیشە، من خۆم هیچ وەڵامێك و هیچ چارەسەرێکی کۆتاییم پێ نییە، من ئێستا پرسیار دەکەم و دەگەڕێم.

جان تەننوس: تۆ لە یەکێ لە وتارەکانتدا پێت وایە "شۆڕشی ئێرانی هەناسە وەرگرتن و هەناسەدانەوەی ئێرانە"[5]، پاشان دکتۆر ناسیف نەسسار وەڵامی دایتەوە و وتی ئەم قسانەی تۆ ئایدیالیستی و سۆفیگەراییە[6]. ئاخۆ دەشێت شۆڕشی ئێرانی بەو جۆرە بێت کە تۆ وەسفت کردووە بێ ئەوەی بکەوینە ناو یۆتۆپیاو سۆفیگەرایی و ئایدیالیزمەوە؟

ئەدۆنیس: ئەو دەستەواژەیەی ئاماژەی پێدەدەیت لە سیاقی وەڵامدانەوەی وتارێك وتراوە کە ئەنوەر عەبدولمەلیك نووسیویەتی[7] ئەنوەر عەبدولمەلیك وایدەبینی شۆڕشی ئێرانی دیاردەیەکی ئیسلامییە بەڵام تەنها لە ئاستی سیاسیدا. بەڵام من وتم شۆڕشی ئێرانی تەنها ئاستی سیاسی نییە، لەوەش زیاترە و دەگاتە ئاستی قەوارەیی (یان بوونی قەوارەیی) لە پرۆسیسە و لە تێڕوانیندا. لە بەرئەوە، هەڵەیە ئەگەر تەنها لە ئاستی سیاسیدا تەماشای شۆڕشی ئێرانی بکرێت، دیسان هەڵەیە ئەگەر بڵێین ئیسلامی شۆڕشی ئێرانی بریتییە لە ئیسلامی سیاسی.

من باوەڕم وایە ئەم چەشنە تەفسیرکردنە ناتەواو و هەڵەیە. ئەم شۆڕشە، لە ڕاستیدا، شۆڕشێکی قەوارەیی و سەرجەمگیرە بە هەموو مانایەك. هەر لێرەشەوە وتوومە ئەمە هەناسە وەرگرتن و هەناسەدانەوەی ئێرانە. بەڵام ئەم قسەیەش بەهیچ جۆرێك ئەوە ناگەیەنێت کە من بە تەواوی پشتگیری یاخود لایەنگری شۆڕشی ئێرانیم، من

هەڵوێستگەل و تێبینگەلێکی زۆرم لەمەڕ هەندێ لەو پرۆسیسانە هەیە کە بە ناوی شۆڕشەوە ئەنجام دەدرێن و دەشێت هەڵوێست و تێبینییەکانی من لەوەش زیاتر بێت کە لەلای هەریەکێ لە ئێوەدا هەیە. بەڵام لە بارودۆخێکی وەکو ئەم دۆخەی شۆڕشی ئێرانی کە لەبەرامبەر رووبەڕووبوونەوەیەکی چارەنووس سازدایە، تەفاسیلەکان دەبن بەشتێکی لاوەکی، مومکین نییە ئێمە لە قووڵایی دەریادا بین و باسی تەڕبوون بکەین.

جان تەنوس: کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی پاشکەوتووە. بە چ شێوەیەك دەتوانین ئەم کۆمەڵگایە بگۆڕین: بە ئایین یان بە ناسیونالیزم، یاخود بە سۆشیالیزم و مارکسیزم؟

ئەدۆنیس: با جارێ لە چوارچێوەی پرسیاری یەکەمدا بمێنینەوە با بزانین کەسی دیکە قسە و تێبینی هەیە، دوای ئەوە دەچینە سەر بابەتێکی دی.

د. مونیر شەماعە: تۆ لە سەرەتادا وتت پێویستە جارێکی دی چاو بە بابەتی پەیوەندییەکانی خۆرهەڵات بەخۆرئاوا بخشێنینەوە، پاشان وتت شۆڕشی ئێرانی یەکێکە لەو دیاردانەی دەبێ جارێکی دیکە چاوی پێدا بگێڕینەوە. ئاخۆ چاوپێداگێڕانەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ خۆرئاوادا گریمانی گەڕانەوەمان دەکات بۆ قۆناغی پێش بیرکردنەوەی داگیرکاری ئیمپریالی؟ چونکە خۆرئاوا، وەك ئیدوارد سەعید لە دوا کتێبیدا(8) دەڵێ، خۆی وێنەی خۆرهەڵاتی داناوە بەو چەشنەی لەگەڵ خۆیدا و بۆ خۆی دەگونجێت. ئاخۆ ناچارمان دەکات بگەڕێینەوە بۆ قۆناغی پێش ئەو وێنەیەی خۆرئاوا کێشاویەتی؟

ئەدۆنیس: پێشتر وتوومە و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بنەمای یەکەم (ئەسڵی یەکەم)، چونکە ئەم ناوچەیە لەوەتەی ئیسلامی چووەتە ناو، لە جەنگێکی بەردەوامدایە لەگەڵ دەرەوەی خۆی: لەگەڵ فارس و پاشان رۆم و دواتر عوسمانییەکان و ئینجا خۆرئاوا، واتە ئەوروپا، کەواتە لێرەدا بەردەوام جەنگێك هەبووە لەگەڵ دەرەوەدا، لەبەرئەوە هەمیشە کێشمە کێشێك هەبووە لە نێوان توێژێك دەیویست لەگەڵ دەرەوەدا بکرێتەوە و توێژێکی دی لە دژی دەرەوە دەوەستا، بێگومان بە گەڕانەوەی بۆ ریشە ئەسڵییەکانی خۆی و بەداکۆکیکردن لێی.

لە چەرخی رێنیسانسدا جارێکی دی ئەو گرفتە خراپەڕوو کە لە چەرخی عەباسیدا گەڵاڵەببوو. ئەوەی جێی سەرنجە ئەو کەسانەی مێژووی چەرخی رێنیسانسیان نووسیوەتەوە (مەبەست لە رێنیسانسی عەرەبییە –و–) دەڵێن سەرەتای ئەم چەرخە لەگەڵ هاتنی ناپلیۆن بۆ میسر دەستی پێکردووە، وەك بڵێی رێنیسانس لە دەرەوە بۆمان هاتبێ، وەك بڵێی بووژانەوەی ئێمە بەرهەمی شکستی ئێمە بێت. بۆچی؟ چونکە ناپلیون لەگەڵ خۆیدا چاپخانە و زاناکانی هێنا. لە بەرامبەر ئەمەشدا کەسانێك هەبوون ئەو شتانەیان رەتدەکردەوە کە ناپلیۆن لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی و وایاندەبینی کە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئیسلام، پاشان لە نێوان ئەو دوو رەوتەدا رەوتێکی میانڕەو سەریهەڵدا.

باوەڕم وایە کە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بنەمای یەکەم، چونکە کۆمەڵگای عەرەبی لە ئەنجامی ململانێی ئەو رەوتانەدا پەرت بووە، دەبینین چینی رۆشنبیر لە سەرێك لە ئاستێکی فیکری و عەقلیی خۆیدا دەژی، واتە ئاستی تەواو تیۆری، کەچی لە سەرێکی دی ئاستی ژیانی چینی رۆشنبیر بە تەواوی فەرامۆشکراوە. واتە بونیادی خێزان و مەسەلەی ئایین و دابونەریت و ئەو کەلەپوورەی وەك بایۆلۆژی یاوەریی مرۆڤ دەکات، هەموو ئەمانە فەرامۆشکراون، بۆیە هەستدەکەین ژیانی عەرەبی پەرت بووە، هەرکەسێ لە ئێمە وا هەست دەکات کە خۆی پەرت بووە و لە چەند

بەشێك پێك دێت: هەر كەسێ لە ئێمە وا هەست دەكات عەقڵی بەخۆرئاوایی كراوە ئیتر بیەوێت یان نەیەوێت، چونكە ڕۆشنبیرییەكەی ڕۆشنبیرییەكی خۆرئاواییە، زمان و زاراوەكانی خۆرئاوایین، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەشدا هەموو كەسێ لە ئێمە لە ماڵەوەدا خۆرهەڵاتییە: لە پەیوەندییدا لەگەڵ ژن، لە ڕەفتار و مامەڵەیدا لەگەڵ خەڵكی، لە پێكهاتی كۆمەڵایەتی، لە نەریت و هەڵسوكەوتیدا، لەو پاشماوە كەڵەكە كراوە مێژووییانەی تیایدا ماوەتەوە. ئەم پەرتبوونە وەك چۆن لە ئاستی تاكەكەسدا هەیە بە هەمان شێوە لە ئاستی كۆمەڵیشدا هەیە، لەبەرئەوە تاكی عەرەبی لە قووڵاییدا پەرت بووە، هەروەها كۆمەڵگای عەرەبیش.

هەندێجار ڕێكەوتی كەسانێك دەكەیت كە لە بواری نوژداری و ئەتۆم و گەردوونیدا دەخوێنن كەچی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و لە ڕەفتار و هەڵسوكەوت و دابونەریتیاندا لەو جووتیارە دەچن كە لە گوندێكی دوور و سادەوە هاتووە. ئەگەر لێرەدا پەیوەستێك یاخود گونجانێك لە نێوان ڕەفتار و سلوكی مرۆڤی عەرەبی و فیكر و تێڕوانینەكەیدا نەبێت، ئەوسا بە بەردەوامی دەستكەوتە زانستی و شارستانییەكان لە خۆرئاوا وەردەگرین و كەچی عەقڵی خۆرئاوا ڕەتدەكەینەوە، واتە ئەو عەقڵەی ئەو هەموو زانستە گەورەیەی بەرهەمهێناوە، ڕەتدەكەینەوە. (واتە كۆمەڵگاكانی ئێمە لە رووكاردا لەناو تازەگەرییەكی ماددیدا دەژی بەڵام لە قووڵاییدا لە قۆناغی پێش تازەگەریدا دەژی لەبەرئەوەی دوورە لە تازەگەریی عەقڵی –و–)

یەكێ لە ئامادەبووان: مامۆستا ئەدۆنیس، لە سەرەتای قسەكانتدا ئاماژەت بۆ پێویستیی هەڵوەشاندنەوە و ڕەتكردنەوەی ئایدیۆلۆژیا كرد، پاشان وتت دەشێت قۆناغێكی سیاسی دیاریكراو لەسەر تەسویەی ئایدیۆلۆژی بنیات بنرێ. ئایا لەو باوەڕەدایت ئەم قسەیە قسەیەكی ئایدیۆلۆژیانەیە؟

ئەدۆنیس: هەموو ئاخاوتنێك بەمانایەك لە ماناكان ئایدیۆلۆژییە، لێرەدا فەرقێك هەیە لە نێوان ئەوەی ئایدیۆلۆژیا بووبێتە خاڵێكی گەیشتن–ی پێشوەخت بە جۆرێك هەر كە دەست پێدەكەین دەزانین دەگەینە چ خاڵێك، وە لە نێوان ئەوەی ئایدیۆلۆژیا بووبێتە فیكرێكی زانستی كە بەبێ هیچ پێشینەیەك بە دوای ڕاستیدا بگەڕێت و پێشوەخت نەزانێت دەگاتە چ خاڵێك. من لە قسەكانمدا مەبەستم لە مانای یەكەمی ئایدیۆلۆژیا بووە كە هیچ فیكرێك و هیچ شیكارییەكی تیادا نییە بەڵكو بریتییە لە هەندێ هاوكێشە كە ئەنجامەكانی زانراو و ئاشكران و پێشوەخت دەزانین دەگەینە كوێ و ئیدی شیكردنەوەی سیاسیش مۆركێكی پروپاگەندەیی ڕاستەوخۆ لەخۆ دەگرێ. بەداخەوە لەلای ئێمە ئەم مانایەی ئایدۆلۆژیا پتر باوو بڵاوە و منیش دژی ئەو جۆرە مەعریفە ئایدیۆلۆژییەم.

یەكێ لە ئامادەبووان: باوەڕم وایە لێرەدا هەندێ ئایدیۆلۆژیا هەیە، مێژوو بواری بۆ نەڕەخساندوون تا لە واقیعدا پرۆسەكانی خۆیان جێبەجێ بكەن. مامۆستا ئەدۆنیس تۆ لە بارەی مەسەلەی نوێكردنەوەی عەقڵی عەرەبی دەدوێیت و ئەمەش بەر لەوەی داپنن ببێت پێویستی بە ساڵانێكی دوور و درێژ هەیە. جا لەبەرئەوەی لێرەدا ئایدیۆلۆژیای وا هەیە كە دەشێت گونجاوبێت بۆ ئەم واقیعە و وزەیەكی گەورە هەڵدەگرێ و ئێستا حاڵی حازر تێدەكۆشێ، ئەوا دەشێت لە ئایندەدا نزیك بێتەوە لەو بۆچوونەی تۆ دەیخەیتە ڕوو.

ئەدۆنیس: زۆر باشە. بەڵام من حوكم لەسەر ئاینده نادەم بەڵكو لەسەر ئەو شتانەی ئەنجام دراون، واتە حوكم لەسەر ڕابردوو دەدەم.

جەمال عەون: قسەکان لە بارەی بنەمای یەکەم و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بوون، بێگومان ناشبێ ڕابردوو و کەلەپووری خۆمان فەرامۆش بکەین. بەڵام چۆن دەشێت تەماشای ئەو کەلەپوورە بکەین و تێی بگەین؟ ئەو پەیوەندییە چییە کە دەشێت تایبەتمەندیی ڕابردوویەکی سادە ببەستێتەوە بە کۆمەڵگایەکی زۆر ئاڵۆز و زۆر گەردوونی و پڕ لە ئیشکالیات و بەرەنگاری؟ ئەگەر گەڕانەوە بۆ بنەما ئامانجی ئەوە بێت جۆرێك لە خاڵی خۆگرتن یان خاڵی متمانەی خودی ونبوومان بخوڵقێنێت، ئیدی چۆن دەگەینە پێکهێنانی خودی عەرەبیی خاوەن ڕەهەندێکی هیومانیستی و عەقڵانیی نوێ؟ ئەوەی لێی دەترسم ئەوەیە: ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا ڕوودەدات لەوانەیە گوزارشت بێت لە خود بەڵام دەشێت بەشێوەیەکی هەڵە و وەهمی و سەرەتایی گوزارشتی لێبکات. باشە چۆن دەکرێ خودی عەرەبی – واتە ئەم ئەسڵە – ڕووبەڕووی خۆرئاوا بێتەوە، خۆرئاوا وەکو بونیادێکی سیاسی و وەکو داگیرکار؟ ئایا دەتوانێت بەرەنگاریی خۆرئاوا بێتەوە بێ ئەوەی ئەم خودە خودێکی نوێ بێت و بە هەموو مانای وشەکە هەڵگری مانای بەرەنگاری بێت؟

ئەدۆنیس: زۆر زەحمەتە ئێستا حوکمێك بەسەر شۆڕشی ئێراندا بدەین و بڵێین ئەم شۆڕشە دەگەڕێتەوە بۆ بنەمایەك دەشێت بەرەو ونبوونی ببات، چونکە ئەم شۆڕشە هێشتا بە تەواوی پێنەگەیشتووە و کامڵ نەبووە، بەڵکو هێشتا لە قۆناغی پێگەیشتن و ململانێدایە، لەوانەیشە لەم قۆناغەدا بە تەواوی بگۆڕدرێت. بەڵام لە تێڕوانینی ئێستادا وا دەردەکەوێ کە ململانێی شۆڕشی ئێرانی تا ئەم ساتەوەختەش ململانێیەکە بە پلەی یەکەم لە دژی داگیرکەرە، کە ململانێیەکی نێگەتیڤ لە دژی دەرەوە، کەچی ململانێی پۆزەتیڤ لەگەڵ خودی خۆیدا هێشتا دەستی پێ نەکردووە دەشێت لە ململانێی پۆزەتیڤیدا کۆمەڵێ شت ئاشکرا بن، کە پێشتر بیرمان لێنەکردبۆوە و مومکین نەبووە پێشبینی بکەین. جا تا ئەو دەمەی کە ئەم ململانێیە پۆزەتیڤییە ڕوودەدات و شێوە و ئیشکالییەتەکانی دەردەکەوێ و هەڵوێستێك لە دەرەنجامەکەی وەردەگرین، تا ئەو دەمە مومکین نییە دان بە مەشروعیەتی ململانێی شۆڕشی ئێرانیدا بنێین لە دژی دەرەوەی بیانی، لێرەدا ئاماژە بەوە دەدەم کە بایەخ و گرنگیی ئەم شۆڕشە لەسەر کەوتن بەسەر دەرەوەدا نییە، بەڵکو بایەخی ئەم شۆڕشە لەو تەقینەوە ناوەکییانەدایە کە لە پاش ئەو سەرکەوتنەوە دێن من لەلای خۆمەوە ناتوانم پێشوەخت قسە لەسەر ئەو تەقینەوە ناوەکییانە بکەم کە دەشێت ڕووبدات و بگرە بە مسۆگەری ڕوودەدات.

جەمال عەون: لێرەدا چەند نیشانەیەك هەن ئاماژە بۆ جەختکردنێکی هەڵەی خود دەکەن، یان تێڕوانینێکی ناواقیعی بۆ خود..

ئەدۆنیس: وەکو چی؟

جەمال عەون: بۆ نموونە هەڵوێست لە کەمایەتییە ئایینی و غەیرە ئایینییەکان، هەڵوێست لە دیموکراسییەت.

ئەدۆنیس: من لە بەرامبەر ئەم مەسەلانەدا خۆم دوورە پەرێز دەگرم و هەڵوێستێکیان لە بەرامبەردا وەرناگرم تەنها ئەگەر بە چاوی خۆم ببینم و پەیوەندی بە چەند کەسێکەوە بکەم تا زانیاریی ڕاست و دروستم دەست بکەوێت. زۆربەی ئەو شتانەی لە بارەی ئێرانەوە پێمان دەگات لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانی خۆرئاواوەیەو ئەمانیش بڕێکی ئێجگار زۆریان لە شێواندن تیایە.

جان تەنووس: شۆڕشی ئێرانی پشتی بە ئایین بەستووە و شوێنگەی خۆی لەسەر ئایین قایم کردووە، واتە لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلامی. ئاخۆ ئایین بە کەڵکی نوێکردنەوەی کۆمەڵگاکانی ئێمە دێت؟

ئەدۆنیس: چۆن وەڵامی ئەوە بدەمەوە کە ئاخۆ ئایین بە کەڵك دێت یان نا؟

جان تەننوس: شۆڕشێکی ئیسلامی لە ئێراندا لەسەر ئیسلام وەستاوە، بۆیە دەبێ بنچینەکانی شیبکەینەوە بۆ ئەوەی لە بنەماو روخسارەکانی تێبگەین هەروەها لە ئەگەری گۆڕانکارییەکانی. باشە هەڵوێستمان لە بەرامبەر ئیسلامدا چییە؟

ئەدۆنیس: دەبێ یەکەمجار لە مەشروعیەتی ئیسلامیی شۆڕشی ئێرانی تێبگەین: تەواو میللەتێك لە ئەزموونی ئایدیۆلۆژیایەکی نا ئیسلامیدا ژیاوە و پاشان لە فەشەل و شکستی ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا ژیاوە و ئیدی لە رووی ئاینییەوە راپەڕیوەو شۆڕشی کردووە، بەلاَم ئایا ئایین بەکەڵك دێت یان بەکەڵك نایەت، ئەمە لێدوانی ئێستامان نییە.

ئەسعەد غەندور: دەگەڕێینەوە بۆ مێژوو. ئایا بە بۆچوونی تۆ لێرەدا قۆناغگەلێکی زەمەنی هەیە کە سەبارەت بە مێژووی عەرەبی بە قۆناغگەلی زێڕین دابنرێت؟ ئەمە لە چ سەردەمێکدا بووە؟

ئەدۆنیس: من دژی چەمکگەلی وەکو (قۆناغ زێڕین)م، و دژی تایبەتمەندی و دژی رەسانەیەتیم ئەگەر بەو مانایە وەربگیرێت، رەسەنایەتی لەلای من لە رابردوودا نییە بەڵکو لە ئایندەدایە. چەرخی یان قۆناغی زێڕین هەمیشە لە ئایندەدایە نەك لە رابردوودا. خۆ ئەگەر هەندێ کەس قۆناغەکانی گەشەسەندنی فیکری عەرەبی بە قۆناغی زێڕین – کە من ئەمە رەتدەکەمەوە – وەسف بکەن، ئەوا گرنگترین قۆناغی گەشەسەندنی فیکری عەرەبی لە چەرخی عەباسیدا بووە، لەو سەروبەندەدا، زۆربەی ئەو ئیشکالییەتانەی ئەمڕۆ خراونەتەڕوو، بە جورئەت و بوێرییەکی دەگمەنەوە خرابوونەڕوو، تەنانەت کەسێکی تاتەئیست (مولحید)یش بیروباوەڕەکانی خۆی دەردەخست، کەچی ئەمڕۆ ناوێرین بەشێکی کەمی ئەو بیروباوەڕانە بخەینە ڕوو کە هەندێ لە پێشینەکانی ئێمە تەعبیریان لێکردووم. بە مانایە ئێمە بە بەراورد بەو قۆناغە، پاشکەوتووین.

غەسان ئیستیفان: بۆچی ئەو هەوڵە فیکرییە نوێگەرییانە لاواز و خامۆش بوونەوە؟

ئەدۆنیس: ئەمە بابەتێکە پێویستی بە سیمینارێك یان کۆنگرەیەك هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی و کولتووری، بەلاَم من لەو باوەڕەدام گرنگترین هۆکاری خامۆشبوونی فیکری عەرەبی بریتییە لە پێکەوە گرێدانێکی بەهێزی نێوان فیکر و رژێمی سیاسی، ئەوەی کە ئەمڕۆکە بە ئاشکرا بەرجەستە بووە. کاتێك رژێمی سیاسی دەبێتە تیشکۆیەك سەرجەمی چالاکییەکانی کۆمەڵگا بەرجەستە دەکات، ئەوسا رژێم وەکو خواوەندێکی لێدێت و خەڵکیش یان لایەنگرین یانیش دژی دەوەستن، یان کافرن یانیش ئیماندار، ئیدی ئەم دوو چەشنە لە خەڵکی لەسەر زەویدا شایستەی هەمان ئەو شتەن کە باوەڕدار و بێباوەڕ لە ئاسماندا دوچاری دەبن. ئەمەش بە پلەی یەکەم دەبێتە مایەی ئیفلیجبوونی فیکری عەرەبی، پێم وایە بەرپرسیاریش بە تەنها ناکەوێتە ئەستۆی رژێم، بەڵکو بەشێکی گەورەی ئەو بەرپرسیارییە دەکەوێتە سەرشانی ئێمەی رۆشنبیران، پێویستە فیکر و رژێم بە تەواوی لە یەکدی بترازێن، بەبێ ئەم لێکترازانەی نێوان فیکر و رژێم مومکین نییە فیکری عەرەبی بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت. بەڵکو هەروەکو فیکرێکی بەرگریکار و پاساودەر دەمێنێتەوەو تەنها دەبێت بە فیکرێکی پڕوپاگەندە ئامێز.

یەکێ لە ئامادەبووان: ئایا هیچ جارێ ئەم لێکترازانە روویداوە؟

ئەدۆنیس: نەخێر، ئەم چەشنە لێکترازانە هەرگیز روونەداوە. بەڵام لێرەدا پەراوێزێکی بەرفراوان هەبوە بۆ سەربەخۆیی فیکری لە رژێمی سیاسی، ئەمەش لە چەرخی عەباسیدا هەبوە. جا بۆ ئەوەی واقیعی ئێستامان بەدیار بخەین، دەبێ – بەداخەوە – بگەرێینەوە بۆ نۆرم و پێوەرەکانی خۆرئاوا.. لە هەندێ لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا جیابوونەوەیەکی تەواو هەیە لە نێوان رژێمە سیاسییەکان و فیکر. بێگومان ئەو رژێمانە رۆشنبیری و رۆشنبیرانی خۆیان هەیە، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەشدا چەندین کولتوور و چەندین رۆشنبیر لە دەرەوەی ئەو رژێمانەدا هەن، رژێمەکانیش دادگایی ئەو رۆشنبیرانە ناکەن بەو پێیەی ئەمانە لە رووی سیاسییەوە لە دژی رژێمن. کەچی لەلای ئێمە وەك چۆن دز و تاوانبار دادگایی دەکرێن، هەر بەو چەشنە رۆشنبیر و بیریاریش دادگایی دەکرێن، بگرە دادگاییکردنی دز و تاوانبار زۆر نەرمترە لە دادگاییکردنی ئەو بیریارەی لە رژێم جیابۆتەوە.

دیاردەی پابەندبونی فیکر بە رژێمی سیاسییەوە، شیعری ستایش و شیعری داشۆرینم بیردەخاتەوە کە لە دەرباری خەلیفەدا ئەنجام دراوە. شاعیری ستایشکار یاخود شاعیری داشۆرین شیعرەکانی خۆیان بە خەلیفە دەفرۆشت، سا ئەو شیعرە لە ستایشکردنی خەلیفە یان لە داشۆرینی دوژمنانیدا هەرچەندێ مەزن بوایە، بەقەدەر ئەوە نرخەکەی بەرز دەبوەوە، ئەمە چونکە شیعر شتومەك بوو، رۆشنبیریی عەرەبیش ئەمڕۆکە شتومەکە.

یەکێ لە ئامادەبووان: چ رۆشنبیرییەك؟

ئەدۆنیس: بێگومان رۆشنبیریی باو.

یەکێ لە ئامادەبووان: لەسەرەتای ئەم وتووێژەدا وتت پێویستە بەرهەمی مەعریفی لە ئایدیۆلۆژیا دووربخرێتەوە و بکرێ بە مەیدانێك بۆ مەعریفەی بابەتی. تا چ مەودایەك دەشێت ئەم کارە بکرێت؟ لەلایەکی دی، شۆڕشی ئێرانی ناوی لە خۆی ناوە ئیسلامی، لێرەوە چ جۆرە گونجاندنێك دەبینی لە نێوان پێویستی نوێکردنەوەی فیکر و عەقڵی عەرەبی و نێوان ئەو لایەنە پۆزەتیڤییانەی لە پێدراوەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا دەیبینیت؟

ئەدۆنیس: سەبارەت بە مەسەلەی یەکەم یان سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت، بەرهەمهێنانی مەعریفی لەلای ئێمە تا ئێستاش بەرهەمهێنانێکی شیعرییە بە مانای خراپی وشەکە، واتە توێژینەوەو زانستە مرۆڤایەتییەکان تا ئێستا بەکردەوە نەچوونەتە ناو گۆڕەپانی مەعریفەی ئێمە. ئێمە تا ئەمڕۆش نە سایکۆلۆژیامان هەیە نە ئەنترۆپۆلۆژیا، نە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیمان هەیە نە نووسینەوەیەکی تازەی مێژوو. لەلای ئێمە بۆ نموونە هەندێ سۆسیۆلۆژیستمان هەیە تیۆرییە سۆسیۆلۆژییەکانی خۆرئاوا دێنن و بەسەر کۆمەڵگای عەرەبیدا پراکتیزەی دەکەن.

ئەگەر ئەو زانستانە نەهێنینە ناو مەیدانی مەعریفەی عەرەبییەوە ئەوا مەعریفەی ئێمە پڕ دەبێت لە ناتەواوی و کەموکورتی. ئێمە تا ئەمڕۆش لەناو مەعریفەیەکی ئایدیۆلۆژیدا دەژین بە مانا سیاسییە پڕوپاگەندە ئامێزە راستەوخۆکەی. ئیتر دەبێ دەرچین و بەرەو مەیدانی راستەقینەی مەعریفە هەنگاو بنێین.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت، دەشێت پرسیار لەوە بکەین کە ئاخۆ ئێمە مەبەستمان ئەوەبووە ئیسلام وەکو ئیسلام لە دژی تازەگەرییە یان ئیسلام وەکو موسڵمانان دژی تازەگەرییە لێرەدا چەند ئاستێك هەیە بۆ توێژینەوە لە ئیسلام، ئەمەش دەمانخاتە ناو کۆمەڵێ گیروگرفتی زۆر ئاڵۆزەوە. من لە هەموو کەسێ زیاتر

رووبەڕووی بەدحاڵیبوون بوومەتەوەو لە کتێبی "ستاتیك و دینامیك"[9] (الثابت و المتحول) بە هەڵە لێم تێگەیشتوون.

من لەم کتێبەدا هەوڵم داوە بە پێی توانا تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی دووربخەمەوە، کۆششێکی زۆرم کردووە بۆ ئەوەی کەلەپووری عەرەبی بزانم و بناسم، کەلەپووری عەرەبی وەکو ئەوەی هەبووە و پەرەی سەندووە بە هەموو رووداوو دۆکیومێنتەکانیەوە. ویستوومە رووکار و رواڵەتەکانی ئاشکرا بکەم، واتە لە سەرەتادا و یەکەمجار بیزانم و بیناسم و پاشان هەڵیسەنگێنم. لەبەرئەوە باوەڕم وانییە لە تواناادا بێت لە ئیسلام وەك ئیسلام لە خۆیدا، بتوێژینەوە، چونکە لێرەدا ئیسلام و موسڵمانان هەیە، هەروەها لێرەدا چەندین قۆناغی مێژوویی جیاواز بۆ ئیسلام و بۆ موسڵمانان هەیە. ئاخۆ ئیسلام تەنها بریتییە لە قورئان و سوننە و حەدیس؟ ئایا دەشێت قورئان و سوننە و فەرموودەکانی پێغەمبەر لە تێگەیشتن و موعانات و تەفسیر و پرۆسیسەکانی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو جیابکەینەوە؟ پاشان چۆن پرۆسیسەکان دیاری بکەین و بە چ نۆرم و پێوەرێك دەستنیشانیان بکەین؟ هەموو ئەم مەسەلانە پێویستییان بە کاتێکی زۆر هەیە بۆ توێژینەوە و لێرەدا هەڵەی حوکمە گشتی و پێشوەختەکان دەردەکەوێت.

من گومانم هەیە لەوەی ئەمڕۆ لە تواناادا بێت دەوڵەتێك لەسەر ئایین دابمەزرێت، من لەو وتارانەمدا کە وەڵامی ئەنوەر عەبدولمەلیکم داوەتەوە تەعبیرم لەم مەسەلەیە کردووە، بەڵام کەسێك وتاری سێیەمی منی[10] نەخوێندۆتەوە یان فەرامۆشی کردووە و من لەوێدا لە بارەی ئەو گومانە قسە دەکەم. بەڵێ من گومان دەکەم لەوەی ئەمڕۆکە لە تواناادا هەبێت دەوڵەتێك لەسەر ئایین دابمەزرێت، بەڵام، وەختێك سەرجەمی میللەتێك بەناوی ئایینەوە رادەبێ و شۆڕش بەرپا دەکات، چ دەکەیت؟ لە بەرامبەر ئەم دیاردە زیندووەدا تەنها ئەوەت بۆ دەمێنێتەوە چاودێری بکەیت و لە شتەکان رابمێنیت بۆ ئەوەی پێشهات و گۆڕانکاری و دەرەنجامەکان ببینیت، دوای ئەوە بگەڕێیت و شتەکان بپشکنیت و حوکمێك بدەیت.

گومانی تیا نییە کە تێگەیشتنی موسڵمانان لەسەرێك، لە هەندێ قۆناغ و هەلومەرجدا، تێگەیشتنێك بووە دژ بە تازەگەری. بەڵام لەسەرێکی دی مومکین نییە لە توێژینەوەی ئیسلامدا پرۆسەی موسڵمانان جیابکەینەوە.

یەکێ لە ئامادەبووان: پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئاخۆ ئیسلام بە مانا گشتییەکەی لەگەڵ تازەگەریدایە یان لە دژیەتی، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئیسلام وەك قورئان و حەدیس و سوننە، دەتوانێت چوارچێوەی دەوڵەتێکی نوێمان بداتێ کە لەگەڵ ئەم چەرخەدا بگونجێت و بگرە لەگەڵ هەلومەرجی ئەم قۆناغەی ئێستاماندا بگونجێت؟

ئەدۆنیس: من بە پرسیارێکی دی وەڵام دەدەمەوە: بۆچی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا سێنتەری بڵێسەی شارستانی بوو لە جیهاندا؟

عیسام عەبدوڵڵا: نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە لێرەدا ئیسلامێکی شیعر هەیە و تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی هەیە. شیعە بە حوکمی ئەوەی لە مێژووی ئیسلامیدا بەردەوام لە ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسیدا بوونە، دەبینین شیعییەتی ئەوان تایبەتمەندییەکی فیکری لە ئیسلامدا بەدەستهێناوە، دەشێت کردنەوەی دەرگای ئیجتیهاد لەلای ئەوان یەکێ بێت لە گرنگترین رووی ئەو تایبەتمەندییە. راوبۆچوونی مامۆستا ئەدۆنیس چییە؟

ئەدۆنیس: ئەم تایبەتمەندییە لەو ململانێ مێژووییەدا روونتر دەردەکەوێ کە شیعەگەرایی لە دژی رژێمەکاندا بەرپای کردووە. بەڵام لە حاڵێکدا شیعە بگاتە ئەوەی خۆی ببێت بە رژێم، ئەوسا چەندین گیروگرفتی ئاڵۆز

سەرهەڵدەدەن. هیچ شتێکیش نییە ڕێ لەوە بگرێت ڕژێمی نوێ هەروەکو ڕژێمی کۆن، ببێت بە ڕژێمێکی ستەمکار و داپڵۆسێنەر. مەسەلەی ڕژێم مەسەلەیەکی زۆر گرنگە.

یەکێ لە ئامادەبووان: کاتێ وتت گۆڕەپانی مەعریفەی عەرەبی خاڵییە لە زانستە نوێیەکانی سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا و.. هتد وام هەستکرد کە دەتەوێ بڵێیت عەقڵی عەرەبی ناتوانێت ئەم جۆرە زانستانە هەڵبگرێت، لە کاتێکدا چەندین هەوڵ هەن لەم بوارەدا کە شایستەی ئاماژە پێدانن، هەر بۆ نموونە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە عەبدوڵڵا عوروەی[11] لە ئاستی ڕۆشنبیریی گشتیدا ئەنجامی داون، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی سەلمان ئەلحەسەن[12] لە عێراقدا لە بواری ئابووریدا ئەنجامی داون. دیسان ئاماژە بۆ ئەوەش دەدەم کە هەندێ لە ڕژێمە عەرەبییەکان ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی ناو و بەرهەمی ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی عەرەب دەگرن. تکایە ئەم خاڵە ڕوون بکەرەوە.

ئەدۆنیس: بێگومان من مەبەستم ئەوە نییە کە عەقڵی عەرەبی لە خۆیدا بێتوانایە لە بەدەستهێنانی ئەو زانستانە، چونکە لێرەدا عەقڵێك نییە لە عەقڵێکی دیکە باشتر بێت، یان مرۆڤێك لە مرۆڤێکی دیکە باشتربێت، ئینسانی عەرەبی وەك هەر ئینسانێکی دی قودرەتی بیرکردنەوەو نوێکردنەوەی هەیە و بەڵگەش زۆرە. لە دەرەوەدا چەندین زانا و بلیمەتی عەرەب هەن بەشداری لە دوا دەستکەوتی زانستی و لە وردترین و زەحمەتترین دەستکەوتی زانستیدا دەکەن، چونکە لەوێدا چەندین دەزگا و دامەزراوی زانستی هەن ئەو کەسانە لەخۆ دەگرن، کەچی لەلای ئێمە بە پێچەوانەوەیە.

ئەو هەوڵانەی ئاماژەت پێدان، بە مەزەنەی من، هەوڵگەلێکی تاکەکەسین و ڕەوتێك یان تەوژمێك دروست ناکەن و بە گشتی دەچنە ناو چوارچێوەی مەعریفەی خۆرئاواییەوە، هەموو چەمکەکان لە زاراوە خۆرئاواییەکانەوە وەرگیراون، لەلای ئێمە زاراوەگەلێکی وەها دەرنەکەوتوون کە بشێت بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگای عەرەبی بەکاربهێنرێن. ئەمە بە گشتی هەڵەی مارکسیستە عەرەبەکانە، مارکسیزم لە هەندێ لە وڵاتانی دنیادا لە تەك ئاتاج و پێداویستییەکانی ئەو وڵاتانەدا پەرەی سەندووە و پێشکەوتووە و خۆی گونجاندووە. لێرەدا مارکسیزم لینینیزم و، مارکسیزم – ماویزم هەیە و کەچی – ئەوەندەی من بزانم – مارکسیزمێکی عەرەبی نییە.

غەسان ئستیفان: دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو مەسەلەیەی کە دەڵێ: "هۆکاری پاشکەوتوویی لە موسڵمانەکان خۆیاندایە نەك لە ئیسلام". ئەم مەسەلەیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا خرایەڕوو، ئەمە لەگەڵ ئەو بزاوتانەدا دەستی پێکرد کە بە "سەلەفیەت"[13] ناودەبرێن و دیارترینیان بزاوتی "وەهابی"[14]یە تا دەگاتە "ڕەوتی ریفۆرمخوازی ئیسلامی[15] کە دیارترین بیریارانی ئەو ڕەوتە بریتین لە: جەمالوددین ئەفغانی[16] و ئیمام محەمەد عەبدە[17] و شێخ ڕەشید ڕەزا[18] بەڵام ئەو بۆچوونەی ئەوان – واتە بۆچوونی بزاوت و ڕەوتە فیکرییەکان – ئێمەیان نەگەیاندە سەر ڕێگەی دۆزینەوەی دەرمانێك بۆ ئەو نەخۆشییە، بگرە بە پێچەوانەوە ڕەوتە فیکرییە ئیسلامییەکان پتر بەرەو داخران و ستاتیك خزین. بیرمەندی میسری ڕەفعەت ئەلسەعید لە چەندین لێکۆڵینەوەدا[19] دەریدەخات چۆن ئەو خزینە لە ئەفغانییەوە بۆ محەمەد عەبدەو لەویشەوە بۆ ڕەشید ڕەزا بەردەوام بووە تا سەرەنجام گەیشتۆتە پێکهێنانی "ئیخوان موسلمین". بە بۆچوونی من ئەم خزینە دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەر: فاکتەری یەکەم ناکاو و دەرەکییە، دووەمیشیان خودییە و لەناو ئیسلام خۆیەوە هەڵقوڵاوە. ئەو ڕەوتە ئیسلامییانەی ناومان هێنان، بە تەرکیز کردنیان لەسەر ئەوەی کە "نەخۆشییەکە لە موسڵمانەکاندایە نەك لە

ئیسلام"، لە سنووری رەخنەگرتن لە ریشەی عەقیدەی ئیسلامی وەستان و ئیتر بڕستیان لێبڕا، واتە ڕووبەڕووی ئەو کێشە و ئاستەنگ و گرفتانە نەبوونەوە کە دەتوانن بە فیعلی بەشداری لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا بکەن و موسڵمانان چاکسازی بکەن. گومانی تیا نییە کە لەسەرێکی دی داگیرکەریش دەوری خۆی گێڕا لە هەڵگەڕانەوە و خزینی بزاوتە ئیسلامییەکان کە بە ئەنقەست کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانەیان لە بەرامبەر داگیرکەردا هەبووە، بەلاّم سەرکەوتنی داگیرکەر لە وروژاندنی کاردانەوە سەلبیەکاندا بەدی نەدەهات ئەگەر لە بنەڕەتدا ناتەواوییەك لە عەقیدەی ئیسلامی یان ڕاستتر لە جۆری تێگەیشتن لەو عەقیدەیە نەبوایە. دیسان ئەگەر بیرمەندە ئیسلامییەکان وایان لە چاوپێداگێڕانەوەی ئەو عەقیدەیەو ئەو تێگەیشتنە نەهێنایەو ئەگەر بە کردەوە رەخنەیەکی ریشەییان لێبگرتایە ئەوا داگیرکەریش مەرامەکانی نەدەهاتەدی. ئایا بۆچوونی ئەدۆنیس لەم بارەیەوە چییە؟

ئەدۆنیس: ڕاستە مەسەلەی "دەردەکە لە موسڵمانانندایە نەك لە ئیسلام" مەسەلەیەکی کۆنەو لەو سەردەمەدا خراوەتەڕوو کە بە "چەرخی ڕێنیسانس" ناودەبرێ، بەلاّم من کاتێ ئەم مەسەلەیە دەخەمە ڕوو مەبەستم شتێکی دیکەیە. باسکردنی ئەم مەسەلەیە لە کۆندا لەو باوەڕە پێشوەختەوە دەستی پێکرد کە ئیسلام شتێکە بە میرات بۆمان ماوەتەوەو بە پێی بارودۆخ و هەلومەرجیش ملکەچی چاوپێداگێڕانەوەو تەئویل نییە.. هتد، بەلاّم من لەو باوەڕەوە مەسەلەکە دەخەمە ڕوو کە رەسەنایەتی لە ئایندەدایە و تایبەتمەندیش لە گۆڕانکاریدا، واتە لەوێوە کە دەبێ ئیسلام دینامیکی بێت (المتحول) نەك ستاتیك (الثابت).

پاشان ئێمە ناتوانین بە ئیسلام بڵێین لە شوێنی خۆتدا راوەستە تا ئێمە دەوڵەتێکی دیکە لەسەر بنەمایەکی نائیسلامی دادەمەزرێنین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەو چەشنە پێویستە رەوتگەلێکی فیکریی بەهێز هەبن و توانای ئەوەیان هەبێت بونیادی گشتیی فیکری بگۆڕن. باوەڕم وایە کەموکورتی و ناتەواوی لەو بزاوتە ریشەییانەدایە کە هەوڵیانداوە سیستمێکی فیکری وا بخوڵقێنن جیاوازبێت لە سیستمی فیکری ئیسلامی و، بەلاّم شکستیان هێنا، بەڵێ ناتەواوییەکە لە ئێمەدایە. ئێمە وەکو: چەند کەسایەتییەك و چەند بزووتنەوەیەك و چەند ڕێکخراوێك کە هەوڵیانداوە فیکرێکی دیکە بخوڵقێنن و فەشەلیان هێنا. کەواتە پێویستە لەسەرمان جارێکی دیکە بە خۆمان و بە فیکرماندا بچینەوە بۆ ئەوەی بتوانین لە کۆمەڵگادا کارێك بکەین.

غەسان ئستیفان: کەواتە، بەڕای من، پێویستە نوێکردنەوەی نوێکاریی ئێمە دوو دیوو دوو رووی هەبێت: نوێکردنەوەیەك لە فیکری عەرەبیدا بەشێوەیەکی گشتی، نوێکردنەوەیەکیش لە فیکری ئاییني ئیسلامی بەشێوەیەکی تایبەتی.

ئەدۆنیس: فیعلەن دەبێ ئەوە بکەین.

غەسان ئیستیفان: گومانی تیا نییە رژێمە عەرەبییەکان کاتی گۆڕییە بنچینەییەکانی خۆیان لە ئایدیۆلۆژیای باوەوە وەردەگرن، کە ئەویش ئایدیۆلۆژیای ئیسلامییە، هەر ئەو رژێمانە لە شوێنگەی خۆیانەوە پارێزگاری لەو ئایدیۆلۆژیانە دەکەن. لە تەك تێکۆشانمان لە دژی ئایدیۆلۆژیای باو، دەبێ خەبات لە دژی رژێمی فەرمانڕەواش بکەین. ئێمەش وەکو کەسانی دیموکراتیخوازی عەلمانی، عەلمانییەت وەکو یەکێ لە چارەسەرەکان دەخەینەڕوو، مەبەستمان لە عەلمانییەتی بێلایەنە، واتە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت. بۆچوونی ئەدۆنیس لە بارەی عەلمانییەتەوە چییە و چ هەڵوێستێکی لە بەرامبەردا هەیە؟ پاشان عەلمانییەت وەکو رەوتێکی مێژوویی و مرۆیی و

عەقلانی لە کوێی پرۆسەی نوێکردنەوەی عەقڵی عەرەبی و فیکری ئیسلامیدایە؟ ئینجا پەیوەندیی عەلمانییەت بە دیموکراسییەتەوە چییە؟

ئەدۆنیس: من باوەڕم بە عەلمانییەت هەیە و بگرە لەوەش دورتر دەڕۆم و دەڵێم هەر کۆمەڵگایەك هەرچەندێ ئایینخواز بێ ئەگەر بوارێك بۆ ناتەئیزمیش نەکاتەوە ئەوا پرۆسەی ئایینی تیایدا پرۆسەیەکی ناتەواو و ناکامڵە، باوەڕی ئایینی قووڵ و راستەقینە رێگە دەدات لە بەرامبەریدا ئاتەئیزمێکی راستەقینە هەبێت، هەر کۆمەڵگایەك تەنها ئیمانی تیادا باوبێت و تاتەئیزم قەدەغە کرابێت ئەوە ئیمانەکەیشی ئیمانێکی لێڵ و چەواشەیە. دواجار لە مرۆڤدا هەمیشە مەیلێك دەمێنێتەوە کە لە هەموو شتێك یاخی دەبێت، تەنانەت لە خوداو لە ئیمانیش. سا ئەگەر ئایین لێبووردە و دیموکراسی بێت و لایەنگرانی باوەڕیان بە لێبوردەیی و دیموکراسیەت هەبێ ئەوا دەبێ دان بە بوونی ئاتەئیست و بێباوەڕو عەلمانییەکانیشدا بنێن دەنا نابن بە کەسی ئیماندار، واتە خۆیان ئیمانی خۆیان نەفیدەکەن.

جەمال عەون: لە سەرەتای قسەکانتدا شتێکت گوت بەو مانایە دێت کە خۆرئاوا خۆرهەڵاتیزەکراوە، ئێمە نکوڵی لە کاریگەری کولتوری عەرەبی بەسەر خۆرئاوادا ناکەین، بێگومان بەر لەوەش کولتووری عەرەبی کەوتبووە ژێر کاریگەریی فەلسەفە و کولتوورەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی. ئێمە لە میانی خوێندنەوەی مێژوودا دەبینین کولتووری ئەوروپی تا ئەندازەیەکی گەورە لە کولتوورەکانی رابردوو قووڵتر و سەرجەمگیرترە. ئەم کولتوورە ئەگەرچی کاریگەربووە بەسەرچاوە عەرەبی و یۆنانییەکان، بەڵام ئەمە دەرئەنجامی بەرەو پێشەوچوونێکی تایبەتییە کە کۆمەڵگای ئەوروپی لە هەموو بوارەکاندا تیایدا ژیاوە نەك تەنها لە بواری فیکریدا، ئێمە لە میانی قسەکانی شارستانیەتێکمان هەبووە و پاشان گواستوومانەتەوە بۆ خۆرئاوا.

ئەدۆنیس: خۆرئاوا چەمکێکی تەمومژاوییە، مەبەستمان لە کام خۆرئاوایە؟ لێرەدا چەند جۆرێك لە خۆرئاوادا هەیە و هەروەها چەند جۆرێکیش لە خۆرهەڵات هەیە. کاتێ دەڵێین خۆرئاوای ئێستا ئەوا باوەڕ ناکەم مەبەستمان لە خۆرئاوای نیچە یان خۆرئاوای مارکس یان هیگل یان ڕامبۆ و بۆدلێر بێت، بە پێچەوانە لەو باوەڕەدام مەبەست لە خۆرئاوای ئێستا خۆرئاوای سەرمایەداری ئیمپریالی داگیرکارییە.

لەم ئاستەدا دەبێ چاو بە مەسەلەی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بگێڕینەوە. لێرەدا هەمیشە ئەو پرسیارە دێتە پێشێ: کام خۆرئاوا؟ من دژی خۆرئاوای مارکس نیم، هەروەها دژی خۆرئاوای عەقلانی نیم، دژی خۆرئاوای رامبۆ و بۆدلێریش نیم. کاتێ دەڵێم خۆرئاوا بە خۆرهەڵاتیکراوە مەبەستم ئەوەیە بزوتنەوە فیکرییەکان لە خۆرئاوادا بزوتنەوەگەلێکی ناخۆرئاواییین، واتە ئەمانە بزووتنەوەیەکن لە خۆرئاوا یاخی دەبن، یاخیبوون لە وێنە هەنووکەییەکەی خۆرئاوا، لە هەمان کاتدا ئیلهام لە خۆرهەڵات وەردەگرن بە تایبەتی لە ئاستی شیعریدا. شاعیرە گەورەو داهێنەرەکانی خۆرئاوا کە ئاسۆیەکی تازەیان بۆ هەستیاریی شیعریی خۆرئاوایی کردەوە، دنیای شیعرییان لەسەرێك دژی خۆرئاوا بوو یاخود یاخیبوون بوو لە خۆرئاوا، لە سەرێکی دیکەوە بەهرە وەرگرتن بوو لە خۆرهەڵات.

یەکێ لە ئامادەبووان: کەواتە دەبێ زۆر وریابین لە بەکارهێنانی وشەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا. قسەکردن لەسەر خۆرئاوای داگیرکاری دەبێ روون و ئاشکرا بێت و بڵێین ئیمپریالیزمی خۆرئاوایی نەك خۆرئاوا چونکە سەلەفییەکان

دەتوانن ئیستغلالی ئەو چەمکە بکەن و بڵێن سەرانسەری خۆرئاوا خراپە و خۆرئاوا داگیرکەر و ئیمپریالیزمەو دەبێت هەر شتێك خۆرئاوایی بێت تووڕ هەڵبدرێ و هەموو شتێکی خۆرئاوایی لە خۆمان دوور بخەینەوە.

د. **پەترۆس لەبکی**: دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ کێشەی بەرهەمهێنانی مێژوویی و سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی لەلای عەرەب. ئەوەی پەیوەستە بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە باوەڕم وایە دەبێ وەك قۆناغی یەکەم تیۆرییە خۆرئاواییەکان وەربگرین لەبەرئەوەی لەلای ئێمەدا شتێك نییە، (دەشبێ وەرگرتنی تیۆرە خۆرئاواییەکان سیفەتێکی سەرجەمگیر و جیهانییان هەیە)، بێگومان دەشێت وەرگرتنی حەرفی و تەواوی ئەو تیۆرانە بە کەڵکی کۆمەڵگای ئێمە نەیەت، بەلاّم وەرگرتنی رەخنەگرانە دەشێت بۆشاییەکی گەورە پڕ بکاتەوە و زەمینە بۆ سازدانی تیۆرگەلێکی نوێی تایبەت بە خۆمان سازبکرێ. گرنگ ئەوەیە – وەك ئەو برادەرەی پێش من وتی – هەستی دوژمنکارییانەی خۆرئاوا بە سیفەتی داگیرکەر نەبێتە مایەی دژایەتیکردنی ئێمە بۆ سەرانسەری خۆرئاوا و بۆ سەرجەمی لایەنەکانی خۆرئاوا. هەروەها ئاماژە بۆ ئەو هەوڵدانانە دەکەم کە لە بواری نووسینەوەی مێژوودا دەدرێ کە لە میانی نووسینەوەی مێژوودا دەشێت چوونە نێو چەرخی نوێ مەیسەر ببێت.

ئەدۆنیس: پێشتر وتم هەوڵە تاکەکەسییە جوزئییەکان رەت ناکەمەوە، بەلاّم ئەو هەوڵە فەردیانە بەشێك لە پێکهاتەی کولتووریی ئێمە پێکناهێننو نابنە بەشێك لە ژیانی رۆشنبیریی ئێمە. بەم مانایە من وتم ئێمە کەموکورتی و ناتەواویمان زۆرە و داهێنانی تایبەت بە خۆمان نییە تەنها لە شیعردا نەبێت. بۆ پتر روونکردنەوە دەکرێت بڵێین لێرەدا چەند شاعیرێکی عەرەبیمان هەن بەشدارییان لە خوڵقاندنی هەستیارییەکی شیعریدا کردووە لە ئاستی جیهاندا. بەلاّم ناتوانین بڵێین ئێمە زانایەکی سۆسیۆلۆژیستی عەرەبمان هەیە – بەپێی زانیاریی من – کە لە کایە و بوارەکەی خۆیدا کارێکی گەورەی کردبێت وەك ئەوەی ئەو شاعیرانە کردوویانە. هەمان شت سەبارەت بە زانستی مێژووش.

د. **پەترۆس لەبکی**: وا تێدەگەم ژمارەیەکی زۆری شاعیری عەرەب هەن، لەوانەی تۆ باسیان دەکەیت، لە شاعیرانی خۆرئاوا وە ئیلهامیان وەرگرتووە.

ئەدۆنیس: ئەمە راستە بێ ئەوەی بچینە ناو تەفاسیلەوە. بەلاّم ئەو شاعیرانە توانیویانە کارێکی وا بکەن تایبەتمەندیی خۆیان هەبێت. لە ملاتر ئایا سۆسیۆلۆژیستێکی عەرەب یان ئەنترۆپۆلۆژیستێکی عەرەب یان مێژوونوسێکی عەرەب هەیە توانیبێتی ئەو تایبەتمەندییە بۆ خۆی دروست بکات؟ مەسەلە ئەوە نییە سوود لە خۆرئاوا وەربگیرێ، مەسەلە ئەوەیە کە زانستە نوێیەکان بەرەسەنایەتی و داهێنانەوە بچنە نێو چنینی ژیانی کولتووری و ژیانی رۆژانەمانەوە.

غەسان ئیستیفان: قسەکردن لە بارەی داهێنانی شیعرییەوە بەرەو ئەوەم دەبات پرسیار لە بارەی زمانەوە بکەم، بە تایبەتی کە ئەدۆنیس تەرکیز دەکاتە سەر نوێکردنەوەی زمان، بە تایبەتی نوێکاریی زمانی شیعری. ئایا بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیی نوێکاریی زمانی عەرەبی بە نوێکاریی فیکری عەرەبییەوە چییە؟ ئەی توانای نوێکردنەوەی زمانی عەرەبی چییە؟

ئەدۆنیس: بێگومان گرفتی نوێکردنەوەی زمانی عەرەبی یەکێکە لە گرفتە کۆنەکان. هەندێجار هەندێ کەس دەڵێن زمانی پەتی مردووەو دەبێ زمانی میللی شوێنی بگرێتەوە. من لە رووی مەبدەئییەوە باوەڕم وایە عەقڵ دروستکەری

زمانە نەك بە پێچەوانەوە. زمان بریتییە لە ئامرازی عەقڵ، هەرچەندێ عەقڵ بەهێز و خوڵقێنەر بێت بەقەدەر ئەوە زمانیش خوڵقێنەر و بەهێز دەبێت، هەرچەندێکیش عەقڵ گرژ و بێتوانا و مردوو بێت زمانەکەیشی بەو جۆرە دەبێت: کەسێ موتابەعەی مێژووی پەرەسەندنی زمانی عەرەبی و پەیوەندیی ئەم پەرەسەندنە بەداهێنانی گشتیی عەرەبییەوە بکات، بۆی دەردەکەوێت زمانی عەرەبی لە قۆناغەکانی داهێنانی عەقڵی عەرەبیدا گەشەی کردووە و لە قۆناغی کەم وزەیی و دۆگمای عەقڵیشدا ئەو زمانە خامۆش و بێتوانا بووە.

زمان هەرچەندێ جوان بێت ناتوانێت عەقڵێکی گەورە یان بیرێکی جوان دابهێنێت. ئینسان وەکو عەقڵ بنچینەی شتەکانە. ئەگەر وایدابنێین ئەمڕۆ ئینسانی عەرەبی واز لە زمانی پەتی بهێنێ و زمانی میللی بە کاربهێنێ، ئاخۆ ئەو ئینسانە دەبێتە ڕووناکبیرێکی داهێنەر؟ من باوەڕم وانییە. کەواتە جارێکی دی دەڵێم مەسەلەکە لە عەقڵدایە و لە زماندا نییە. پەرەسەندنی زمانەکان پێمان دەڵێن عەقڵ هەمیشە داهێنەری شتەکان و چەمکەکان بووەو دوای ئەوە ئیتر بەدوای ناولێنانێکی زمانەوانیدا گەڕاوە.

پێشکەوتنی زمان بەندە بە توانای عەقڵ لەو پێشکەوتنەدا، هەروەها لە فراوانکردنی بەکارهێنانی زمان و هێنانی شتی تازە بۆ ناو ئەو زمانە. زمانیش هەرچەندێ بگاتە داهێنان و خوڵقاندن هێشتا ناتوانێت تەعبیر لە ئیبداعیەتی عەقڵی داهێنەر و خوڵقێنەر بکات، لێرەوە شاعیر پەنا دەباتە بەر وێنەی شیعری، چونکە وشەکان لە خۆیاندا ناتوانن گوزارشت لەو شتە بکەن کە شاعیر دەیەوێ، ئیدی پەنا دەباتە بەر میتافۆر – مەجاز بۆ ئەوەی بتوانێت بە دیقەتەوە جیهانەکەی خۆی دەربڕێ. ئەمە لە شیعردا و هەروەها لە زانستیشدا.

هەموو زمانەکان لە یەکتر وەردەگرن. با بۆ نموونە نووسینەکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی مارتن هایدگەر وەربگرین، ئەگەر سەیری ئەو نووسینانەی هایدگەر بکەین کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فەرەنسی، دەبینین وەرگێڕانەکە کەمدەست بووە لە دۆزینەوەی زاراوەکانی هایدگەر بە فەرەنسی، بۆیە زۆر بە ئاسایی هەر هەمان زاراوە ئەڵمانییەکەیان بەکارهێناوەتەوە. تاوانبارکردنی مەعریفە نوێیەکانی نییە، هەڵەیە، چونکە عەرەبەکان بە تەواوی شارەزای زمانەکەی خۆیان نین.

ئێمە ئەمڕۆ لە دۆخێکی نائاسایی و لە حاڵەتی دواکەوتنێکی فیرکی و سیاسیدا دەژین، ئەمەش بێگومان دەبێتە مایەی دواکەوتنی زمانەوانیش. بەڵام نابێت ئەمە وامان لێبکات بڵێین خودی زمانی عەرەبی بێتوانایە. جەهلی ئێمە بۆ زمانی عەرەبی، وەك بەشێك لە داکەوتنی گشتیی فیکریمان، وامان لێدەکات حوکمێکی سەلبی بەسەردا بدەین، بەڵام ئەگەر ئێمە لە حاڵەتی گەشەسەندنێکی فیکریدا بووینایە ئەوسا زمانی عەرەبی پێگەیشتوو و پێشکەوتوو دەبوو. بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیە، دەڵێم، زمانی عەرەبی کە زمانی قورئانە، لە چەرخی عەباسیدا و وشەگەل و زاراوەیەکی ئێجگار زۆری بوارەکانی فەلسەفە و کیمیا و ماتماتیکی وەرگرت و زمانی عەرەبییان بەپیت کرد، ئەمە چونکە لەو دەمەدا عەقڵی عەرەبی لەو بوارانەدا خوڵقێنەر بوو.

کەواتە هەر دەبێ زاراوە نوێیەکان بهێنرێنە ناو زمانی عەرەبییەوە، باوەڕیش ناکەم کەسێ هەبێت – جگە لە هەندێ کەسی توندڕەو – ئەم پرۆسەیەی پێ ناخۆشبێت و ڕێگەی لێبگرێ. بێگومان بە تەنها هێنانی زاراوە نوێیەکان نابێتە هۆی نوێکردنەوەی زمان، بەڵکو ئەم پرۆسەیە دوو مەسەلەی دیکەی پێویستە: یەکەم ئازادکردنی زمان بە جۆرێك بتوانێت پێداویستیی تەعبیرکردن دابین بکات ئیتر جۆری ئەو تەعبیرکردنە هەرچییەك بێت. دووەم وا لە

زمان بکرێت جووت و گونجاو بێت لەگەڵ ژیان و کارو کردەوە رۆژانەییەکانی زمان، لە منداڵییەوە تاوەکو پیری. ئێمە خۆمان نەك زمانی عەرەبی ناتەواویمان هەبوو لە زانینی زمانی خۆمان و لە پەروەردە و لە هۆیەکانی فێرکردن. ناتەواویی زمان لە راستیدا ناتەواوییە لە پرۆگرام و میتۆدەکانمان، ناتەواوییە لە پلانڕێژیمان، ناتەواوییە لە کەرەستەکانمان، دواجار ناتەواوییەکە لە خۆماندایە.

یەکێ لە ئامادەبووان: من باوەڕم وایە قورئان دەورێکی گەورەی لە تەجمیدکردنی زماندا هەبووە، چونکە وای لە دەقی عەرەبی کردبێت بە دەقێکی ئیلاهی و نزیکبوونەوە لێی حەرام بێت. لەم بارەیەوە رات چییە؟

ئەدۆنیس: لە کۆنەوە ئەم گرفتە خراوەتەڕوو. کەسانێك هەبوون دەیانووت مەسەلەی "ئیعجازی قورئان" بەبێ پێشکەوتنی زمانەوانی مومکین نییە دەستکاری بکرێت. منیش وایدەبینم پێویستە قورئان دەقێکی کراوە بێت بۆ گفتوگۆیەکی هەمەلایەن. دەشێت ئەوانەی لەم لایەنەوە کاریان کردبێت دوچاری گرفت و گێچەڵی زۆر بووبێتن، دکتۆر محەمەد ئارکۆن لەم بارەیەوە بۆچوونێکی هەیە و وایدەبینێ مەسەلەی "ئیعجازی قورئان" مەسەلەیەکی زمانەوانی نییە، ئەمە سنوورەکانی زمانیش جێدەهێڵێ و ئەمە لە راستیدا مەسەلەی ئیمانداریییە. دەبێ لەم بابەتە بکۆڵرێتەوە، بەڵام ئایا جورئەتی ئەوەمان هەیە توێژینەوەی لەسەر بکەین، ئەمەش مەسەلەیەکی دیکەیە.

یەکێ لە ئامادەبووان: تا چ مەودایەك نوێکردنەوەی زمان مومکینە ئەگەر لەسەرێك بەدەستکەوتی زانستی و لەسەرێکی دی بە داهێنانی هونەری بەراورد نەکرێت. بە وشەیەکی دی: ئایا دەتوانین پەرە بە زمانەکەمان بدەین و نوێکاری تیادا بکەین لە کاتێکدا دەستکەوتی زانستی و داهێنانی هونەریمان هەر لەم ئاستەی ئەمڕۆماندا بێت؟

ئەدۆنیس: نوێکردنەوەی هاوشانە لەگەڵ توانای گشتیی داهێنان. هەر چەندێ داهێنان هەبێت بە قەدەر ئەوە نوێکردنەوە هەیە. نوێکردنەوەش جوڵێنەر و بزێوەو کۆتایی نایەت، واتە مومکین نییە بگەینە خاڵێکی دیاریکراو و بڵێین لێرەدا نوێکاریمان ئەنجامدا. مادامەکی مرۆڤ زیندووە نوێکاریش بەردەوامە. لەم بارەیەوە نموونەیەك هەیە سەبارەت بە هەوڵێکی دێرینی نوێکاری، ئەویش (قطرب)ە[20] کە یەکێکە لە زانا زمانەوانییە دێرینەکان و دەیووت پێویستە لە کۆتایی وشەکاندا حەرەکاتی ئیعرابی نەهێڵرێ (واتە تەنها سکون دابنرێ).

یەکێ لە ئامادەبووان: ئەی باشە بۆچوونی ئەدۆنیس لەم بارەیەوە چییە؟

ئەدۆنیس: زمانی پەتی (اللغة الفصحى) بریتییە لە حەرەکە، واتە بریتییە لە مۆسیقا. گرنگ ئەوەیە ئەم کێشەیە ملکەچی ئیرادەیەك نییە. چونکە زمانیش بوونەوەرێکی زیندووە و پێدەگا و پێشدەکەوێ و دەمرێ. لێرەدا هیچ رێگرێکی سۆسیۆلۆژی یان مێژوویی نییە نەهێڵێ بگەینە ساتەوەختێك کە تیایدا زمانی عەرەبی دەمرێت. بەڵام ئایا ئەمڕۆ لە مردنی زمانی عەرەبی و لە عەقڵی عەرەبی بتوێژینەوە وەك کۆمەڵگای عەرەبی کە ئەویش بە تەواوی زیندوو نییە؟

غەسان ئستیفان: بەرای من، زمان سیستمی بیرکردنەوەیە، دەشێت ئەم زمانە لە چەند ساتەوەختێکی دیاریکراودا ببێت بە ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگا..

ئەدۆنیس: لە ساتەوەختەکانی داکەوتن و شکستیدا.

غەسان ئستیفان:.. و دەشێت ئایدیۆلۆژیا لە دواوەی پێشکەوتنەوە بێت (واتە ئایدیۆلۆژیا باو بێت و پەرەسەندنیش درەنگ بێتە دی یان بە خاوو خلیچکی رێبکات). ئاخۆ ئێمە ئێستا لە چ قۆناغێکداین؟

ئەدۆنیس: بۆ ئەوەی بە وردی وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە ئەوا دەبێ کۆمەڵگای عەرەبی کۆمەڵگایەکی تەبا و گونجاو وپێکەوە بەستراو بێت و چینەکان و ئاگایی چینایەتیی تیابێت و.. هتد، بەڵام کە کۆمەڵگای ئێمە بەو جۆرە نییە، ئەوا باوەڕم وایە لێرەدا چەند کەسێك هەن بە ئاگایی و هۆشیاریی خۆیان پێش زمانەکەیان دەکەون، واتە داهێنانەکانیان لە موفرەدەو وشەکانیان فراوانترە. هەروەکو لێرەدا کەسانی دیکەش هەن – کە زۆرینە پێکدەهێنن – زمان سەبارەت بەوان زۆر پێشکەوتوو ترەو زۆر لە فیکرەکانیان لە پێشترە، هەروەها لێرەدا توێژگەلێك هەیە نقە ناکات بەڵکو دەنگ دەدات، قسە ناکات بەڵکو دەنگ دەردەکات، واتە وشەکان لەلای ئەو توێژگەلە هەڵگری مانا و دەلالاتی نوێ نییە و داهێنانێك ناگوازێتەوە لە دیاریکردنی پەیوەندییەك لەگەڵ شت و لەگەڵ ئینسانی دیکە و لەگەڵ دونیا.

یەکێ لە ئامادەبووان: ئایا تۆ قسە لە بارەی خۆتەوە دەکەیت وەك داهێنەرێك؟

ئەدۆنیس: نا. من قسە لە بارەی سەرجەمی داهێنەران دەکەم. بێگومان ئەو قسەیەشم پشت بە ئەزموونی خۆم و ئەزموونی کەسانیدی دەبەستێ. کاتێ شاعیری داهێنەر بە بەردەوامی پەنا دەباتەبەر چەند شێوازێك کە وشە و موفرەدەکان جێدەهێڵێ، ئەمە مانای وایە لە ناخی ئەو شاعیرەدا دنیایەك هەیە وشەکان ناتوانن بەڕاستەوخۆیی تەعبیری لێبکەن، ئیدی وشە بارگاوی دەکات بەبەکارهێنانی ڕێگەی بەیانی یان وەسیلەی بەیانی ڕەوانبێژی، تا وشە و موفرەدە دەکاتە پلەی تەقینەوە.

یەکێ لە ئامادەبووان: ئایا ئەم کەموکورتییە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی عەرەبی؟

ئەدۆنیس: نا، ئەم کەموکورتییە لە هەموو زمانەکانی دنیادا هەیە. هەموو زمانێك تەعبیر لە دەروونی ئینسانی داهێنەر ناکات چونکە ئەو دەروونە لە زمان فراوانترە، ئیتر هەر زمانێك بێ.

یەکێ لە ئامادەبووان: دەمەوێ لە مەسەلەی نوێکردنەوەی زمانەوە بچینە سەر مەسەلەی دیموکراسییەت، ئەوەی کە وایدەبینم پتر پەیوەندی بە بابەتی "نوێکردنەوەی عەقڵی عەرەبی"یەوە هەیە. ئەگەر بە دوای ئەو گرفتە جەوهەرییەدا بگەڕێین کە بووەتە بەربەستێك لە بەردەم جووڵە و پێشکەوتنی عەقڵی عەرەبیدا، ئەوا دەبینین ئەو گرفتە جەوهەرییە بریتییە لە گرفتی دەوڵەتی عەرەبیی ئێستا. لەسەر ئەم پێگەیەو بەو پێیەش کە گۆڕانکاریی ئایدیۆلۆژی پرۆسەیەکی دوور و درێژ و زەحمەتە، ئەوا دەبێ کار بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی عەرەبی بکەین ئەوەی ئەمڕۆ باوە و حوکم دەکات.

ئەدۆنیس: باشە، خەباتکردن شتێکی داواکراوەو پێویستیشە بۆ ڕوخاندنی دەوڵەتی عەرەبیی فەرمانڕەوا. بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئەم دەوڵەتە بەرهەمی دۆخێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە. تا ئەمڕۆش– بەپێی زانیاریی من – لێکۆڵەرەوەیەك نییە خەریکی لێکۆڵینەوەیەك بووبێت لە بارەی پەرەسەندنی بونیادی ڕژێمی باوی عەرەبی وەك میکانیزمێکی ناوەکی نەك وەکو ئەشخاس و وەکو حکومەت. باشە لە دەسەڵاتی ئومەوییەوە تا ئەمڕۆ چ فەرقێك هەیە لە نێوان ڕژێمی "پێشکەوتنخواز"ی ئەمڕۆی عەرەبی و ڕژێمی خەلافەتی ئومەوی، لە بونیاد و میکانیزمی ناوەکییاندا؟ لەسەرێکی دی، بۆچی عەرەب لە ململانێکانیاندا تەواوکەری یەکدی نین و یەکتر نەفیدەکەنەوە؟

تاکی عەرەبی، هەروەها هەموو ڕژێمی عەرەبییش، دان بە (ئەویدی) نانێن تەنها ئەگەر ئەو (ئەویدی)یە ئاوێنەی خۆی بێت، واتە هەرچەندێ ئەویدی سەر بەو بێت و پاشکۆی ئەو بێت، ئەوا سەبارەت بەو بوونی هەیە، هەرچەندێکیش

جیاوازبێت، ڕەتدەکرێتەوە. لە کوێوە ئەو بونیادەمان بۆ هاتووە کە هەر لە چەرخی ئومەوییەوە تیاماندا دەژی؟ بۆچی ئێمە یەکدی نەفیدەکەینەوە و تەواوکەری یەکتر نین؟ من کەسانێکی زۆر دەناسم دوچاری ستەم و چەوسانەوە بوونەو ئاوارەکراون، کاتێکیش لە پێناوی کێشەکانیاندا داوای دەرکردنی بەیانێکمان کردووە، کەچی بەشێك لە ڕۆشنبیران رازی نەبوون لەسەر بەیاننامەکە ئیمزا بکەن و یارمەتییان بدەن، لەبەرهیچ نا هەر لەبەر ئەوەی سەر بەو ئایدیۆلۆژیایە نەبوون کە ئەمان هەڵگرین. ئەو کەسانەش کە ئیمزا و بەیاننامەیان ڕەتدەکردەوە لە قۆناغێکی دیکەدا پێچ دەکەنەوە و بانگەشەی دیموکراسی دەکەن و گوایە داکۆکی لە دیموکراسییەت دەکەن.

لەلای ئێمە نەدیموکراسییەت هەیە نەڕێزگرتنی ئەویدی. بەڵام کەسێك ڕێز لە ئەویدی نەگرێت مانای وایە لە قووڵاییدا خۆی ڕەتدەکاتەوە. من بۆیە بە تەواوی کەسێتیی خۆمەوە بوونم هەیە چونکە تۆی دژ و پێچەوانەشم بونت هەیە، من بۆیە هەم چونکە تۆی پێچەوانەش هەیت. من تەواوکەری دژەکەمم. ئایا لەناو ئێمەی عەرەبدا کەسێ هەیە وا بڵێت؟ گشت ئەم کێشانە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لێیان تێبگەین و ڕووبەڕوویان ببینەوە.

سەرجەمی ڕژێمەکانی ئێمە بەناوی دیموکراسییەتەوە هاتوون، بەڵام هەر کە مومارەسەی دەسەڵاتیان کردووە، جگە لە دیکتاتۆریەت شتێکی دیکەیان پیادە نەکردووە. بۆچی؟ ئەم میکانیزمە چییە؟ هەموو یەکێ لە ئێمە کە خۆمان بە دیموکراسی دەزانین، ئەگەر دەسەڵات بگرینە دەست، گومانم هەیە لەوەی دیموکراسی بین، بێگومان دەشتوانین دەیان پاساوی جیاجیا بۆ دیموکراسی نەبوونمان بهێنینەوە، پاساوگەلی جیاجیا کە لە ڕاستیدا عەقڵ بەهیچ جۆرێ پاساویان نادات.

ڕژێمە عەرەبییەکانی ئەمڕۆ، ژمارەیان هەرچەندێ بێت، تەنها یەك ڕژێمە: ڕژێمێکی ستەمکار و داپڵۆسێنەر، ڕژێمێك لە جەوهەردا لەسەر ستەمکاری ڕاوەستاوە. بۆیە دەبێ لە هەموو ئاستەکاندا دژایەتی بکرێن و ڕەت بکرێنەوە، بەڵام دژایەتیکردن و ڕووخاندنشیان بە پێویست گرەنتیی هاتنی ڕژێمێکی دیموکراتی نادەن، چونکە بونیادی ژێرەوە: واتە بونیادە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، بونیادی ستەمکارین. بونیادی ژێرەوەی عەرەبی – ژێرخان – بونیادێکی ستەمکارییە و لەسەر داپڵۆسین دامەزراوە. کەواتە دەبێ لە بناغەوە هەڵبوەشێنرێتەوە.

لێرەوە بایەخ و گرنگیی شۆڕش دێتە پێشێ، بەڵام دەبێ جەخت لەوەش بکەین کە ئاستی سیاسی لە شۆڕشدا نزمترین ئاستە و هەر بە تەنها گەیشتن بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی مانایەکی نییە. گەیشتنە سەر حوکم دەبێت لوتکەی قۆناغێکی گەورە و گرنگی هەڵوەشاندنەوە بێت. بەبێ ئەم قۆناغەش – واتە قۆناغی هەڵوەشاندنەوە – گەیشتنە سەر حوکم هیچ شتێك ناگۆڕێت.

پەراوێزەکان

1-ئەمە دەقی سیمینارێکە کە ڕێکخراوی "دیموکراتیخوازە عەلمانییەکان" لە ساڵی (1980)دا لە بەیروت سازی داوە و غەسان ئستیفان ئامادەی کردووە و پەراوێزی بۆ داناوە.

2-بۆ نموونە بڕوانە گۆڤاری (مواقف) ژمارە (34) ساڵی (1979) کە دۆسییەکی لە بارەی "ئیسلام و تایبەتمەندی" تێدایە.

3-ابو ذر الغفاری: ناوی (جندب بن جنادە)، لە ساڵی 32 هیجری 652 زایینی کۆچی دوایی کردووە. ژمارەیەکی زۆری لە فەرموودەکانی پێغەمبەری گێڕاوەتەوە. لە دوای مەرگی پێغەمبەر لە وڵاتی شامدا ژیاوەو، سەعلوك و هەژاران لە دەوری کۆبوونەوەو ئەویش ئەو فەرموودانەی بۆ دەوتن کە ڕەخنە لە دەوڵەمەندان دەگرێ، هەروەها کردەوەکانی موعاویەی ئاشکراکرد کە پارەی موسڵمانان بۆ بەزم و رابواردنی خۆی سەرف دەکات، ئەویش گەڕاندیەوە بۆ مەدینە، پاشان خەلیفە عوسمان دووری خستەوە بۆ ڕەبزەو لەوێ لە تاراوگەدا مرد.

4-(القرمطیة): بزووتنەوەیەکی ئایینی سیاسی کۆمەڵایەتی بوو، حەمدان بن قرمط لە عیراق دامەزرێنەرێتی. لە بەحرەیندا وەك بزاوتێکی بەهێز دەرکەوت و پاشان دەسەڵاتی کەوتە سەر زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان. قرمتییەکان لە ساڵی (930ز)دا دەستیان بەسەر مەککەدا گرت و حەجەرلئەسوەدیان تیادا گواستەوە بەڵام لە پاش 22 ساڵ گەڕاندیانەوە. لە ساڵی (970ز)دا وڵاتی میسریان لە ژێر دەستی فاتیمییەکان دەرهێناو پاشان لە ساڵی (1027)یشدا مەسەلەی قرمتییەکان بۆ یەکجاری لەسەر دەستی میرەکانی بەحرەین کۆتایی پێهات.

5-ئەم سێ وتارەی ئەدۆنیس لە بارەی شۆڕشی ئێرانی بەمجۆرەن:

أ-الاسلام و الاسلام السیاسی، النهار العربی و الدولی -العدد (90) 1979/1/22.

ب-حول المعنى الحضاري للحركة الاسلامية الايرانية، النهار العربي و الدولي العدد (93) -1979/2/12.

ج-انطلاقا من فرح النصر الاولي: شيء من القلق و الخوف، النهار العربي و الدولي – العدد (95) – 1979/2/26.

شایانی باسە ئەم سێ وتارەی ئەدۆنیس جارێکی دیکە و لە بەشی سێیەمی چاپی هەشتەمی (الثابت و المتحول)دا بلاوکراوەتەوە.

6-ناصیف نصار، حرکە التحرر و الاستعمال السیاسی للاسلام، النهار العربی و الدولی – العدد (92) 1979./2/5

7-النهار العربی و الدولي – العدد (89) – 1979./1/15

8-ادوارد سعید، الاستشراق، منشورات بانثيون، نیویورك .1978

9-ستاتیك و دینامیك (الثابت و المتحول) تێزی دکتۆراکەی ئەدۆنیسە کە لە ساڵی (1973)دا پێشکەشی زانکۆی قەدیس یوسفی کردووە لە بەیروت و لەسێ بەشی سەرەکی پێکدێت و تا ئێستا هەشت جار چاپکراوەتەوە.

10-بڕوانە پەراوێزی ژمارە (7).

11-گرنگترین کتێبەکانی عەبدوڵڵا عورەوی کە مەنهەجی فیکریی ئەو نیشاندەدەن، ئەمانەن: (الایدیولوجية العربية المعاصرة – 1970)، (العرب و الفكر التاريخي – 1973)، (ازمة المثقفين العرب: تقليدية ام تاريخية؟ – 1978).

لە دوای ئەمانە چەندین کتێبی گرنگی دیکەی چاپکردووە، بۆ نموونە (مفهوم الدولة) و (مفهوم الحرية) و (مفهوم التاريخ) و (مفهوم العقل).

12-محەمەد سەلمان حەسەن، لە عێراق لە دایك بووە، چەندین کتێبی لە بارەی ئابووری عێراقەوە هەیە، بۆ نموونە (بەرەو خۆماڵیکردنی نەوت لە عێراقدا)، (پلانرێژی پیشەسازی)، (چەند لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی ئابووری عێراقی).

13-بۆیە ناونراوە "سەلەفییەت" چونکە ئەم ڕەوتە وایدەبینێ پێویستە بگەڕێنەوە بۆ سەلەف پیاوچاکانی موسڵمانان (السلف الصالح) واتە بە تایبەتی بۆ سەردەمی خولەفای راشدین. ڕەوتە سەلەفییەکان کەوتوونەتە ژێر

کاریگەری تەعالیمەکانی (ابن تیمیە – 1262ز –1327ز) و (ابن الجوزیە – 1291ز –1350ز)، جگە لە بزوتنەوەی وەهابی وەك بزوتنەوەیەکی سەلەفی، هەروەها بزوتنەوەی: سنوسی لە لیبیا، مەهدی لە سودان، ئالوسی لە عێراق، شەوکانی لە یەمەن.

14–(**بزوتنەوەی وەهابی): بزوتنەوەیەکی ئاینیە و لە نیمچە دوورگەی عەرەب سەریهەڵداوە و، دەگەڕێتەوە بۆ موحەممەد کوڕی عەبدولوەهاب** (1703ز–1787ز) **کە کەوتبووە ژێر کاریگەریی مەزهەبی حەنبەلی (جگە لە کاریگەریی ئیبن تەیمیە). دوژمنانی ئەم بزوتنەوەیە ناوی (وەهابی) یان لێناوە بەو پێیەی ئەمە بیدعەیە و لە دەرەوەی پرەنسیپەکانی ئیسلامدایە، بەڵام ئەوان ناوی دیکەیان لە خۆیان نابوو، وەك: "حەنبەلییەکان" یان "یەکگرتووەکان" یان "سەلەفییەکان". بزوتنەوەی وەهابی توانی یەکەمین دەوڵەتی سعودی لە ساڵانی** (1786–1818) **و دووەمین دەوڵەتی سعودی لە ساڵی** (1904)**دا دابمەزرێنێ کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.**

15–**هیشام شەرابی دەڵێت: "لەتەك تەقلیدگەرایی پارێزگاران (واتە گرووپی** – العلماء – **کە پشتگیری دەسەڵاتی عوسمانییان دەکرد، هەروەها "رەوتە سەلەفییەکان") و نوێگەری پێشکەوتنخواز (واتە" رەوتی ئیسلامیی عەلمانی، رەوتی مەسیحی عەلمانی) بزوتنەوەیەکی دیکەی میانڕەو سەریهەڵدا کە دەشێت ناوی بنێین هەڵوێستی ریفۆرمخوازی، چونکە جگە لە بزاوتێکی موحافیزکار شتێکی دی نەبوو، بەڵام تا ئەندازەیەك رۆشنگەربوون و دەرکێکی عەقڵانییان بۆ بارودۆخەکە هەبوو..) بڕوانە** (المثقفون **العرب و الغرب، دار النهار للنشر، بیروت** – 1971، **ص** 31).

16–**جەمالوددین ئەفغانی: ئێرانییەو لە ساڵی** (1839ز) **لە ئەفغانستان لە دایکبووە. لەسەردەمی ئەمیر محمد** الاعظم **دا کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەفغانستان، سەر بەرەوتی ریفۆرمی ئیسلامی بوو، بیروباوەڕەکانی ئەفغانی لە گۆڤاری** (العروه الوثقي)**دا بڵاوکراونەتەوە کە لەگەڵ محەمەد عەبدە لە ساڵی 1884 لە پاریس دەریاندەکرد و ئەوکاتە هەردووکیان لە تاراوگەدا دەژیان. لە ساڵی 1896 کۆچی دوایی کردووە.**

17–**ئیمام محەمەد عەبدە: لە ساڵی 1849 لە میسر لەدایکبووە، لە شۆڕشی ئەحمەد عورابیدا بەشداریی کردووە و پاشان بۆ ماوەی سێ مانگ خرایە زیندانەوە و دواتر بۆ ماوەی سێ ساڵ دوورخرایەوە بۆ بەیرووت و پاریس، لە ساڵی 1888دا گەڕایەوە بۆ میسر و ئیدی سەرگەرمی چاکسازیی ئاینی و چاکسازیی دامەزراوەکان بوو. لە ساڵی 1902 کۆچی دوایی کردووە.**

18–**شێخ رەشید رەزا: لە ساڵی 1865 لە نزیك شاری تەرابلوس (لوبنان) لە دایکبووە، سەرسام بووە بە سۆفیزم و سۆفیگەرایی، بەڵام دواتر لێی هەڵگەڕایەوە، لە ساڵی 1894 دا محەمەد عەبدەی ناسی و لە ساڵی 1897دا سەفەری بۆ میسر کرد، لەوێدا گۆڤاری (المنار)ی دەردەکرد و بیروباوەڕەکانی خۆی تیادا بڵاوکردەوە. چەندین دانراوی هەیە لە بارەی ریفۆرمی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی. لە ساڵی 1965دا کۆچی دوایی کردوە.**

19–**بۆ نموونە بڕوانە ئەم وتارە:** (الحركات الاسلامية من الارتداد الى مزيد من الارتداد – مجلة دراسات عربية – العدد 1 – سنة 1977).

هەروەها بڕوانە ئەم کتێبە: (حسن البنا – مؤسس حركة الاخوان المسلمين – متى.. كيف.. و لماذا؟) **دار** الطليعة – **بیروت** – 1979.

20-ئەبو عەلی موحەممەد بن ئەلموستەنیر، لە ساڵی (821ز) کۆچی دوایی کردووە، زمانزان و موفەسیر بووە. لە بەسرە لە دایکبووە و هەر لەوێشدا مردووە. لە کتێبە گرنگەکانی: (کتاب الاضداد) و (کتاب المثلث).

ستاتیك و دینامیك (الثابت و المتحول)

نووسینی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

لەم کورتە نوسینەدا هەوڵدەدەین چەند لایەنێکی فیکری ئەدۆنیس دەربخەین‌و ڕوانینە قووڵ‌و ڕەخنەئامێزەکەی بۆ شیعرو فیکرو کەلەپوورو ئایدیۆلۆژیا نیشان بدەین، بە تایبەتی لە تێزە سەرەکییەکەیدا "ستاتیك‌و دینامیك" کە سەرجەمی فیکرو دیدگا ڕەخنەییەکانی ئەدۆنیس لەو تێزەدا بە چڕی کۆکراونەتەوەو دواتریش هەر لەسەر ئەم بنچینەیە درێژە بە نووسینەکانی دەدات.

کتێبی "ستاتیك‌و دینامیك- توێژینەوەیەك لە داهێنان‌و لاساییکردنەوە لەلای عەرەب"[(1)] بریتییە لە تێزی دکتۆراکەی ئەدۆنیس لە ئەدەبی عەرەبی کە لە ساڵی 1973دا پێشکەش بە زانکۆی قەدیس یوسف کراوە لە بەیروت بە سەرپەرشتیی دکتۆر پۆڵس نوییا، لە دوای گفتوگۆی کارنامەکە، بڕوانامەی دکتۆرا بە پلەی یەکەمی شەرەف بە ئەدۆنیس بەخشرا. دواتر ئەدۆنیس ئەم تێزەی لە سێ بەرگدا چاپکرد: بەرگی یەکەم لە ساڵی 1974 بەناوی "بنەماکان" (الاصول)، بەرگی دووەم لەساڵی 1977 بەناوی "بەرەسەنایەتیکردنی بنەماکان" (تأصیل الاصول)، بەرگی سێهەم لەساڵی 1978 بەناوی "شۆکی مۆدێرنیزم" (صدمه الحداپە) و تائێستاش چەندین جار چاپ کراونەتەوە کە دوایین جار چاپی هەشتەمی ساڵی (2002)ە کە لە دار الساقی لە لەندەن دەرچووە.

ئەدۆنیس تا ساڵی 1990 هەر بابەتێکی لەبارەی ستاتیك و دینامیك لە پەیوەستیدا بەو تێزە نوسیبێت، لەچاپی هەشتەمدا خستونیەتە سەر کتێبەکەی و بەمجۆرە چاپی هەشتەم بووە بە چوار بەرگ.

"ستاتیك" و "دینامیك" لە تێڕوانینی ئەدۆنیس

سەرجەمی ئەم تێزە یان ئەم دانراوەی ئەدۆنیس گەڕان‌و توێژینەوەیە بە دوای هۆکارەکانی داهێنان‌و لاساییکردنەوە لە فیکرو ئەدەبی عەرەبیدا کە بەنێو بونیادە مێژووییە قووڵەکانی ئەو کولتوورەدا سەفەرێکی دوورو درێژ دەکات‌و

دوا جار دەگاتە کۆمەڵێ دەرەنجامی گرنگی زانستی لە بارەی هۆیەکانی پاشکەوتوویی فیکرو ئەدەب و کۆمەڵگای عەرەبی، یان ڕاستتر دەستنیشانکردنی لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی ئەو بزاوتە مێژووییە گەورەو دوورو درێژەی کە پتر لایەنی تەقلیدی زاڵبووە بەسەر لایەنی ئیبداعیدا، ئەدۆنیس لەم گەشتەدا بە وردی بە دوای سەرچاوەکانی هەردوو بزاوتی (داهێنان) و (لاساییکردنەوە)دا گەڕاوەو لەوێشەوە پاشکەوتوویی بزووتنەوە فیکری و ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گەڕاندۆتەوە بۆ مێژوویەکی دوورو درێژ کە تا ئەمڕۆ کاریگەریی بەسەر ژیانی عەرەبیدا هەیە، دواجار دەگاتە دەرەنجامێك یان خاڵێك کە وایدەبینێ بنەمای هەموو ڕاوەستان و هەموو بێبزاوتییەکی فیکرو ئەدەبی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و بۆ ڕێنماییکردنی کەلەپوورو نەریتی ئایینی بۆ سەرانسەری ژیان و بیرکردنەوەی ئینسانی عەرەبی و کۆمەڵگا عەرەبییەکان.

ئەدۆنیس لەم کتێبە گرنگەدا (کە پاش سی ساڵ لە بڵاوکردنەوەی هێشتاکە گفتوگۆو مشتومڕێکی زۆری لە بارەوە دەکرێ) هەموو لایەنە کولتووری و فیکرییەکانی پێکەوە گرێداوەو لە چەندین ڕوو و لە چەندین ڕەهەندەوە لە ستاتیك و دینامیکیەتی بیرکردنەوەی ئینسانی عەرەبی دەکۆڵێتەوە، واتە بە تەنها لایەنی شیعریی یان لایەنی فیکری یان لایەنی ئاینی یان کۆمەڵایەتی یان شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانی نەگرتووە، بەڵکو هەموو ئەمانە لە لێکۆڵینەوەکەیدا کۆدەکاتەوەو، بەم جۆرە لە قووڵاییەوەو لە بونیادەکانەوەو لەناو مێژووەوە هۆکارو دەرەنجامەکان دەردەهێنێت. بۆ نموونە لە بەشی یەکەمی ئەم تێزەدا لە ڕژێمە سیاسییەکانی سەرەتاکانی ئیسلام و لە خەلافەت و بیری فیقهی و بزاوتە شۆڕشگێڕی و فیکری و شیعری و ڕەخنەییەکانەوە بە دوای بنەماکاندا دەگەڕێ، لە (ئیمامی شافعی)و بنەما ئاینییە سیاسییەکان و لە شۆڕشی زنجییەکان و بزووتنەوەی (قرمتییەکان)و ئیدی لە بەشەکانی دواتریشدا لە تەك بزووتنەوە شیعرییەکاندا لە (خەواریج)و (موعتەزیلە)و (ئیمامی غەزالی)و بزووتنەوەی زمانەوانی و تەفسیرەکان دەکۆڵێتەوە، شانبەشانی بزووتنەوە ڕەخنەییەکانی (الاصمعی)و (الجاحڤ) و (الجرجانی) و (ابن گباگبا)و (ابن المعتز).

پاشان لە ئاستی ئەزموونە گەورەو ئیبداعیەکانی (ئەبونەواس)و (ئەبوتەمام)و (ئەبوعەلای مەعەڕی)دا دەوەستێ و کەشفی داهێنانە شیعری و زمانەوانی و ڕوئیا جیاوازەکانی ئەوان دەکات.

ئەدۆنیس بەمجۆرە پێناسی ستاتیك و دینامیك (الپابت والمتحول) دەکات: "ستاتیك" لە چوارچێوەی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا ئەو بیرەیە کە لەسەر دەق (دەقی ئایینی) ڕادەوەستێ، جێگیری و بێبزاوتیی ئەو بیرەش، لە ڕووی تێگەیشتن و بیرکردنەوەوە، لە جێگیریی دەقەوەیە، دەقێك وەکو تاکمانای کۆتایی و وەك دەسەڵاتێکی مەعریفی خۆی دەسەپێنێ، بەڵام "دینامیك" ئەو بیرەیە کە هەمدیس لەسەر دەق ڕادەوەستێ، بەڵام بە خوێندنەوەیەکی جیاوازو بە ڕاڤەکردنێکی زانستی کەوا لە دەق دەکات لەگەڵ واقیع و نوێبوونەوەی واقیعدا خۆی بگونجێنێت، ئەم بیرە هیچ مەرجەعییەتێك لە دەقدا نابینێ و لە بنەڕەتدا پشت بە عەقڵ دەبەستێ نەك بە گواستنەوەو نەقڵکردن.

لە ڕووی مێژووییشەوە ستاتیك هەر بە ستاتیکی نەماوەتەوەو دینامیکیش هەمیشە دینامیك نەبووە، بەڵکو بەردەوام گۆڕانکاری لە ڕەوتی جووڵانەوەیاندا هەبووەو بە پێی ئەو جووڵانەوەیەش کاریگەریی لەسەر داهێنان یان لاساییکردنەوەدا هەبووە. گەورەترین ئیشکالی مەعریفەی عەرەبییش پشت بەستنی بووە بە دەق لە ئاستی ئاینیدا، لەوێشەوە بە گشتی ئەدەب و شیعرو فیکری بە ئایین پێواوەو ئایین تاکە پێوەرو دوا پێوەری هەموو شتەکانی دی

بوون، جا لەبەرئەوەی ئەو فیکرەیە –لەبەر کۆمەڵێ هۆی مێژوویی– نوێنەرایەتیی بۆچوونی دەسەڵاتی کردووە، ئەوا ڕۆشنبیریی باویش ڕۆشنبیرییەکی ستاتیکی بووە، بەمجۆرە لە سەرجەمی پرۆسیسەکاندا هاوجومگەییەکی پتەو لە نێوان (ئایینی– سیاسی) لە سەرێکەو (ڕۆشنبیری) لە سەرێکی دیکە دروست بووەو ئیدی مەعریفەی ئایینی بووە بەتاکە پێوەرێکی مەعریفیی گشتی.

ستاتیک هاوشانی سەلەفییەتەو لە یەک سەرچاوەوە هێز وەردەگرن و پێیان وایە کەماڵی مەعریفی لە دەق و لە گواستنەوەی دەقدایە، لێرەشەوە داهێنان یان تازەگەری یان تەئویلی جیاواز شتێکی بێماناو بیدعەوییە. ئەوەی کۆمەڵگا لەم دیدەدا پێویستیی پێ هەیە بریتییە لەوەی کە (ڕابردوو) بە بەردوامی ئامادە بێت. بەڵام دینامیك هاوشانی تازەگەرییەو ئەم دیدگایە وایدەبینێ کە هەمیشە ناتەواوی و کەموکورتییەکی مەعریفی لە (دەق) و لە (ڕابردوو)دا هەیەو ئەم دەقە ناتوانێ لەگەڵ زیندەگی و پێدراوە جیاوازەکانی سەردەمە جیاوازەکاندا زیندەگی و کاریگەریی هەبێت مەگەر کۆمەڵگا بەردەوام لەناو وێناکردنەکانی سەدە کۆنەکاندا بژی، کەواتە تازەگەری و دینامیك هێنانە ئارای شتگەلێکە پێشتر لە کەلەپووردا نەبووەو نەیناسیوە، واتە داهێنانی فیکرێك لە نادیارەوە مەجهولەوە، هەروەها قبووڵکردنی (ناکۆتایی مەعریفە) و (فرەیی حەقیقەتەکان).

ئەدۆنیس لەم کتێبەدا بە وردی پەیوەندییەکانی نێوان ستاتیك و دینامیك لە شیعری عەرەبیدا شیدەکاتەوەو پاشان دەریدەخات بۆچی دواجار ستاتیك بەسەر دینامیکدا زاڵبووەو بۆچی ڕێسا جێگیرو باوەکانی شیعری کۆن یان شیعری جاهیلی لە گشت سەردەمەکاندا دەبێتە شیعری نموونەیی و دەبێتە پێوەر بۆ سەرجەمی شیعری عەرەبی[2]

ئەدۆنیس لە دواییدا دەگاتە ئەو باوەڕەی کە: ڕوانینی ئایینی هۆکاری سەرەکیی زاڵبوونی ڕەوتی ستاتیکییە بەسەر ڕەوتی دینامیکی لە شیعردا (لێرەدا ئەبو نەواس و ئەبو تەمام جیادەکاتەوە کە وەکو دوو شاعیری داهێنەرو هەمیشە تازەگەر دەرکەوتوون)، بە مانایەکی تر ئەو سیستەمە سەرجەمگیرەی ئایین خوڵقاندوویەتی فاکتەرێکی بنچینەیی بووە بۆ باوەڕهێنان بەوەی شیعری کۆن لە شیعری تازە ڕەسەنترەو هەر لادانێك لە ڕێساکانی شیعری کۆن (جاهیلی) دەرچوونە لە نموونەی کامڵ و باڵا.

بەڵام پەیوەندیی نێوان ستاتیك و دینامیك پەیوەندییەکی دیالێکتیکی و پڕ لە ململانێ نەبووە تا دواجار داهێنانی شیعری پلە بە پلە هەڵکشابێت، بەڵکو زیاتر پەیوەندییەکی دژایەتیانە بووەو بووەتە مایەی پرۆسەکردنی چەندین شێوازی ڕەتکردنەوەو توندوتیژی کە تەنها بەم ڕێگەیە تەقلید (یان ستاتیك) بەسەر داهێنان (یان دینامیك)دا زاڵبووەو دەرەنجامی ئەمەش بریتی بووە لە ڕاگەیاندنی یەکێتی ئۆرگانی و پتەوی نێوان زمان و ئایین، شیعرو ئەخلاق، کەلەپووری ئەدەبی و کەلەپووری ئاینی.. هتد، واتە کەلەپووری ئایینی بەسەر کەلەپووری ئەدەبیدا تەعمیم کراوەو لێرەدا عەرەب ئەو هەستەی لەلادا قووڵتر بۆتەوە کە زمان و ئاین و قەوارەی نەتەوەییان یەکەیەکی ئۆرگانیی پتەوەو لێکدی ناترازێن، لەم یەکبوونەشدا، بێگومان، کارکردی ئایینی بەهێزترو زاڵتر بووە.

ئەبونەواس و ئەبو تەمام

لەگەڵ سەرەتاکان و فراوانبوونی فتوحاتی ئیسلامیدا کە ئیتر شاعیرانی عەرەب لە سنووری دوورگەی عەرەب و لەناو چوارچێوەکانی خێڵ دەرچوون و پێیان خستە هەرێمە تازەکانەوە، دەبوو ئەو پرۆسەیە –وەك ئەدۆنیس دەڵێ–

دەرفەتێکی باش بوایە بۆ دەرچوون لە سنوری بابەتە شیعرییە تەقلیدییەکان، واتە لەئەنجامی تێکەڵبوون بە گەلانی ترو کولتوورەکانی ترو بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو بازرگانیو ئابوورییەکانی تر، دەبوایە شاعیرانی سەردەمی ئیسلامیو ئومەویش بە زەینێکی کراوەتر بابەتی نوێیان بێهنابایە نێو شیعرو لە ڕێگەی شێوازی هونەریو تەکنیکی شیعریی دیکەوە گوزارشتیان لە ژیانی تازەیان بکردبایە، بەڵام تا سەرەتاکانی سەردەمی عەباسی، شیعری عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو، ئەمەش بێگومان چەندین هۆکاری لە پشتە کە ئەدۆنیس لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا بە درێژی بەنێو مێژووی ئەو سەردەمەدا دەگەڕێتو ئەو هۆکارانە دەردەهێنێتو شییاندەکاتەوە، بەو پێیەی کە "زۆر گرنگە لەو هەلومەرجە بکۆڵینەوە کە تیایدا دیاردەیەکی ڕۆشنبیری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی.. هتد سەریهەڵداوە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە ماناکانی ئەو دیاردەیە بزانین، بە تەنها لە زانینی مەرجەکانیشەوە ناتوانین لە ماناکان تێبگەین، بەڵکو ئەو کاتە بە تەواوی تێیدەگەین کە ئەو هێزە دەناسینەوە کە دیاردەکە هەڵدەسوڕێنیو ڕێنوێنیی دەکاتو لە میانی ئەویشەوە تەعبیر لە خۆی دەکات"[3].

ئەبو نەواسو ئەبو تەمام –لە خوێندنەوەی ئەدۆنیسدا– تێڕوانینێکی جیاوازیان بۆ شیعرو بۆ زمانو بۆ ئەخلاقو بۆ ڕوئیا هەبووە، ئەدۆنیس لە شیعری ئەبو نەواسدا چوار خاڵی گرنگو پێکەوە بەستراو دەبینێ: یەکەم: هەستو بینینێکی نوێ، واتە چەشنێکی تایبەتی لە بینینی شتەکان. دووەم: ڕووداوی نوێ، واتە چەشنێکی دیاریکراو لە وەقایعەکان. سێیەم: ئەزموونی نوێ، واتە چەشنێکی دیاریکراو لە ژیان. چوارەم: زمانێکی شیعریی نوێ، واتە چەشنێکی دیاریکراو لە تەعبیر[4] بەم جۆرە ئەبو نەواس لاساییکردنەوەو ڕەگەزو هێماکانی لاساییکردنەوە جێدەهێڵێو بە دیدگایەکی تر تەماشای دنیاو شتەکان دەکاتو بە کەرەستەی تر تەعبیر لە ژیان دەکات.

شیعر لە لای ئەبو نەواس تەنها هەوڵدان نییە بۆ گۆڕینی ژیان، بەڵکو هەوڵدانێکی گەورەشە بۆ گۆڕینی ئینسان، لێرەوە ئەم شاعیرە بە تەنها تەقلیدیەتی شیعری ڕابردوو ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو تێڕوانینی تەقلیدییانەی ئاینیش ڕەت دەکاتەوە.

ئەگەر ئەبو نەواس لە ئەزموونەکانیدا دەوڵەمەند بووبێو ڕوانینی ئەویان گۆڕیبێت، ئەوا ئەبو تەمام لە زمانی شیعریدا شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکردووەو پێی وایە داهێنانی شیعری بریتییە لە خەڵقکردنی دونیا بە شێوەیەکی تر، کەواتە وشە لەلای ئەبو تەمام شتەکانی دنیا پێچەوانە ناکاتەوە، بەڵکو سەرلەنوێ دروستیان دەکاتەوە.

دەرچوونی ئەم دوو شاعیرە داهێنەرە لە زمانی تەقلیدی، دەرچوون بووە لە تەعبیری سروشتییەوە بۆ تەعبیری هونەری، واتە دەرچوون لە حەقیقەتی واقیعییەوە بۆ خەیاڵێکی بەرفراوانی مەجازی. مانا لە مەجازدا مانایەکی شیمانەیی(ئیحتیمالی)یە، کەواتە هەموو شتێ ژمارەیەکی بێشومار مانای هەیە. لەم ئاراستەیەوە ئەم دوو شاعیرە بنچینەیەکی نوێیان بۆ شیعرو ڕوانین دامەزراند بەو پێیەی شیعر بریتی نییە لە هەمەڕەنگیی کۆن یان وەرگرتنی ڕەگەزە کۆنەکانو داڕشتنیان بە فۆرمێکی نوێ بەڵکو شیعری نوێ نەفیکردنی شیعری کۆنە لە ڕووی هونەرییەوە، بەو پێیەی داهێنان –وەك ئەدۆنیس دەڵێ– نەفیکردنێکە بەردەوام بەرەو پێشەوە دەچێت.

فەرقی نێوان ئەبو نەواسو شاعیرێکی تەقلیدی، شیعری ئەمەی دواییان لە تێڕامانێکی زەینییەوە بەرهەم دێت، واتە تەماشای شتەکان دەکاتو وەسفیان دەکات، بەڵام ئەبو نەواس ئەم حاڵەتە ڕەت دەکاتەوەو لە خەیاڵێکی جیاوازەوە شیعر دەخوڵقێنێ، هەر مەعریفەیەك موعاناتێکی خودی نەبێتو هەستکردنی ئاوێزانبوونێکی خۆشنوودی نەبێت

لەگەڵ گەردووندا، ناتوانێت شیعرێکی مەزن بخولقێنێ، دەشێت ئەمە نهێنیی هەوڵدانی ئەبو نەواس بووبێ بۆ ئەوەی بە زمان بەختەوەرییەکی لەدەستچوو دروست بکات. ئەو وێنانەی لە دەوروبەرەکەیەوە دەریاندەکێشێ بریتی نییە لە وەسفکردنێکی ڕووتی شتەکان، بەڵکو ئامانجی وێنە شیعرییەکان بریتییە لە بەردەوامبوونی جووڵانەوە ناوەکییەکانی ئەو شتانەی خەیاڵی شاعیر دەوروژێنن.

هەموو وێنەیەك هێمایە، وشەکانیش بەشێکن لە جولاٌنەوەی دەروونو جووڵانەوەی شتەکان، بەم جۆرە شاعیر دنیایەکی سیحری دەخولقێنێ کە تیایدا کۆنترۆڵی شتەکانو ئەخلاقو نەریتە باوەکان دەکات، بێگومان هەموو ئەمانە لە دەرەوەی گشت جۆرە چەپاندنو داپڵۆسینێك ئەنجام دەدرێن، سا چەپاندنی کۆمەڵایەتی بێت یان ئایینی، لەوانەشە هەر ئەم بیرکردنەوەیە تەفسیری ئەوە بکات چۆن ئەبو نەواس بە شاعیری گوناهەکان (یان شاعیری گوناهکار) ناوبراوە، ئەو لە بەرامبەر ناشیرینییەکانی ژیاندا دەیەوێت لە ناوەوەی خۆیدا ئەو جوانیانەش ئاشکرا بکات کە هەستیان پێدەکات، ئیتر دەبێ لە سنورەکانی ئەمرو نەهی دەربچێت، واتە دەبێ گوناهێك ئەنجام بدات، ڕەنگە هەر ئەمەش نهێنیی داهێنانی ئەبو نەواس ئاشکرا بکات، بەوپێیەی هەموو داهێنەرێك "گوناهکارە" و دەست بۆ "حەرامکراوەکان" دەبات، شەرابو سێکس لەو حەرامکراوانەن کە ئەم شاعیرە بە ڕاشکاوی دەیانهێنێتە نێو قەسیدەکانیەوە.

وشە لە لای ئەبو تەمام هەر تەنها وشە نییەو مەودایەکی ترە، وشە هەر تەنها ماوەیەکی دەنگی نییە مانایەك فرێ بدات، بەڵکو هەر وشەیەك فۆرمێکی تایبەتی لە بوون ئاشکرا دەکات هەروەکو فۆرمێکی تایبەتی لە ئیقاعیش دەردەخات، هەروەها وشە بونیادێکی ئۆرگانیکییەو خودی شاعیرو شتەکانی جیهان بە یەکدی دەگەیەنێت.

ئەبو تەمام لە شیعرەکانیدا نایەوێ جەستەی سروشت بڕازێنێتەوەو ڕەنگینییە واقیعییەکانیمان پیشان بدات، بەڵکو دەیەوێ وامان لێبکات شتەکانی سروشت لە جووڵانەوەو لە تەقینەوە ئەسڵییەکانی خۆیاندا ببینین، بەم جۆرە پەیوەندییەکی تر لە نێوان مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و دیدگا، دروست دەکات.

پەراوێزەکان:

1-ادونیس، الپابت والمتحول، بحپ في الابداع والاتباع عند العرب، دار الساقی- لندن، الگبعە الپامنە، 2002.

2-ادونیس، الپابت والمتحول- الجزو الاول- ص 111-115.

3-سەرچاوەی پێشوو- ل 34.

4-الپابت والمتحول- الجزو الپانی- ص 117-133.

شیعر و فەلسەفە

دەروازەیەك بۆ جیهانی ئەدۆنیس

خوێندنەوەی کتێبی:

(شیعر و بوون، لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی لەبارەی شیعری ئەدۆنیس)

خوێندنەوەی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین گرنگترین بەشەکانی کتێبی (شیعر و بوون، لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی لە شیعری ئەدۆنیس) بخەینە ڕوو، بە تایبەتی بەشی یەکەمی کە بریتییە لە دەروازەیەکی گشتی بۆ چوونە ناو دنیای ئەدۆنیس و خوێندنەوەی شیعرەکانی لە تێڕوانینێکی فەلسەفییەوە، دانەری ئەم کتێبە (د. عادل ضاهر) خاوەنی چەندین کتێبی ترە کە لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە لە مەسەلە فیکرییە گرنگەکان دەدوێت، یەکێ لەوانە کتێبی "بنەما

فەلسەفییەکانی عەلمانییەت"ە کە تیایدا گرنگترین تێزە فەلسەفی و بنەما ئیپستیمۆلۆژییەکانی عەلمانییەت دەخاتە ڕوو.

ئەم کتێبەی بەردەستمان کە لە بارەی ئەدۆنیسی بیریار و شاعیر نووسیویەتی بەناوی (الشعر و الوجود، دراسة فلسفية في شعر ادونيس) لە (دار المدى) لە سوریا لە ساڵی 2000دا چاپکراوە، جگە لە پێشەکیەك لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم ئەم ناونیشانانە لە خۆدەگرێت: دەروازەیەك بۆ جیهانی ئەدۆنیس، لە نێوان فەلسەفەو شیعردا، فەلسەفەکردنی شیعرییانە، تەماهی شیعر و فەلسەفە لە ئەزموونی ئەدۆنیسدا. بەشی دووەم: دیالێکتیکی خودگەرایی ئەدۆنیسی، گەڕانەوە بۆ خود، ئازادی و ئەزموونی نەفیکردن، ئیرادەی دۆزینەوە یان ئیرادەی خوڵقاندن. بەشی سێیەم: خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ تێکستی "الكتاب امس المكان الان"، ڕەخنە لە رۆشنبیریی دەسەڵاتگەرایی، ئیرادەی نا رۆشنی و گوناهی هیراکلیتی.

ئەم نووسەرە یەکەمجار نییە لە روانگەیەکی فەلسەفییەوە ئەدۆنیس دەخوێنێتەوە، یاخود بەدوای تێڕوانینە فەلسەفیەکانی ئەدۆنیسدا دەگەڕێ و جیهانبینی فەلسەفیی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە دەکات. یەکەم خوێندنەوەی فەلسەفییانەی بۆ ئەدۆنیس لە سەرەتای شەستەکاندا بوو کاتێك کۆمەڵە شیعری "گۆرانییەکانی میهیاری دیمەشقی"ی چاپ کرد، ئەمە بوو بە سەرەتای پرۆژەیەکی گەورەتر کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا دەستی پێکرد و گرنگترین بەرهەمە شیعرییەکانی ئەدۆنیسی لە دیدی فەلسەفییەوە یەکالاکردەوە.

د. عادل لە سەرەتادا خوێنەر لە چەند مەسەلەیەك ئاگادار دەکاتەوە، بۆ نموونە دەڵێت کاتێك خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بۆ ئەدۆنیس ئەنجام دەدەین، نابێ خوێنەر پەلە بکات لەوەی بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەدۆنیس تێڕوانینێکی فەلسەفیی کامڵی بۆ ژیان و جیهان هەیە و لەسەر بنەمایەکی ئەقڵی و بە جیاواز لە ئەزموونە شیعرییەکەی گەیشتۆتە ئەو تێڕوانینە، واتە نابێ خوێنەر وا تێبگات کە ئەدۆنیس لە بنەڕەتدا خاوەنی دیدێکی فەلسەفیی ئەقلانییە و دواتر هەوڵدەدات ئەو دیدە فەلسەفییە لە قاڵبێکی شیعریدا دابڕێژێت. نەخێر، بەڵکو ئەدۆنیس بەر لە هەرچی شاعیرە و لە خەیاڵێکی شیعریی بەرفراوانەوە دەڕوانێتە ژیان و جیهان کە لە دواییدا لە چەند بیرێکی فەلسەفیدا دەردەکەون.

شیعر و بیر

بێگومان ئەدۆنیس بە تەنها شاعیر نییە، بەڵکو تیۆریستی شیعریشە، یەکێکە لە گرنگترین دارێژەرانی تیۆری شیعریی ئەم چەرخەمان، هەروەها ئەدۆنیس خاوەنی بیر و تێڕوانینێکی پێشکەوتووانەیە بۆ ژیان کە لەبەرهەمە شیعری و لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەریدەبڕێت، لەسەرجەم نووسینەکانیشیدا چەندین پرسیاری فەلسەفی دەوروژێنێت و دیدێکی فەلسەفی قووڵ نیشاندەدات، بەڵام نابێت بیری ئەدۆنیس و تێڕوانینی بۆ ژیان و جیهان لە شیعرەکانی جیا بکەینەوە و پێمان وابێت ئەوەی لە شیعرەکانیدا دەریدەبڕێت گوزارشتێکی مەجازییە لەو بیرە فەلسەفییەی بە ئەقڵ پێی گەیشتووە یان بەرێگەیەکی ناشیعری پێی گەیشتووە.

لە ڕاستیدا ئەو دیدە فیکری و ئەو جیهانبینیە فەلسەفییەی لە شیعرەکانیدا دەیبینین بە دابڕاوی لە ئەزموونە شیعرییەکەیەوە لە دایك نەبوون، بەڵکو لە نێو خودی پرۆسە شیعرییەکەیدا گەلاڵەبوون و پێگەیشتن. واتە شیعری

ئەدۆنیس گرنگترین ڕێچکەیە بەرەو بیری فەلسەفی و تێڕوانینی بۆ ژیان، ئەمەیش شتێکی زۆر ئاساییە چونکە ئەدۆنیس بەر لە هەر شتێکی تر شاعیرە نەك بیرمەندێکی میتۆدگەرا و فەیلەسوفێکی پسپۆر بە مانای قووڵی وشەی فەیلەسوف، بەڵکو شاعیرێکی جیاواز و دەگمەنە و دەشێت بە (شاعیر/ بیرمەند) ناوی ببەین، ئەو کاتێك شیعر دەنووسێت بیر دەکاتەوە نەك لە سەرەتادا بیرێکی فەلسەفی هەبێت و پاشان بیکات بە شیعر، بەڵام مادامەکی فەلسەفە یەکێکە لە پێکهاتەکانی فیکری ئەو، کەواتە ئاساییە فەلسەفە لەو حاڵەتانەدا دەربکەوێت کە بە شێوەیەکی شیعریی بیردەکاتەوە نەك بەشێوەی فەیلەسوفێك کە بیرە فەلسەفییەکانی لە ئەنجامی تیۆرسازییەکی ئەقڵی و میتۆدیدا لەدایك دەبن، بەڵکو بیرە فەلسەفییەکانی ئەدۆنیس لە ئەنجامی بیرکردنەوەی شیعری و هەست و خەیاڵێکی شیعریی بەرفراوان لەدایك دەبن.

کەواتە ئەدۆنیس بەهۆی چوونە نێو قووڵایی جیهانی شیعر و تەماهیکردنی لەگەڵ شیعر و ئەزموونی شیعریدا، مومکین نییە وەکو فەیلەسوفێك بیر بکاتەوە،

دیدی فەلسەفییانەی شاعیر

باڵێرەدا ئەم مەسەلەیە روونتر بکەینەوە و چەند نموونەیەك لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیدا بهێنینەوە، بۆ نموونە لە کتێبی "زەمەنی شیعر"دا وەکو تیۆریستێکی تازەگەریی شیعری بۆچوونەکانی لە بارەی شیعر و ژیان دادەڕێژێت، لەوێدا خوێنەری رۆشنبیر و شارەزا لە فەلسەفە هیچ زەحمەتییەك لەوەدا نابینێت دەرك بە سروشتی فەلسەفییانەی ئەو پرسیارانە بکات کە هەر خۆی وەڵامیان دەداتەوە و تیۆریزەیان بۆ دەکات، بۆ نموونە پرسیاری وەکو: شیعر چییە؟ تازەگەریی شیعری مانای چییە؟ پەخشانە شیعر چییە؟

ئەم پرسیارانە بێگومان پرسیارگەلێکن سروشتێکی فەلسەفییان هەیە و ئەدۆنیسیش لە قووڵایی دیدێکی فەلسەفییەوە وەڵامیان دەداتەوە، بەڵام بێئەوەی پەیڕەوی یاسا و ڕێساکانی نووسینی فەلسەفی بکات وەك بونیادی لۆجیکی و ڕێکخستنی فیکرەکان بەشێوەیەکی مەنتیقی، بۆ نموونە کە دەڵێت "شیعر بریتییە لە میتافیزیای ناوەوە"، وا هەست دەکەین ئەم گوتەیە مەدلولێکی فەلسەفیی قووڵی هەیە و رستەی لۆجیکیی و سەلمێنەری بەدوادا دێت، بەڵام ئەدۆنیس لەوێدا دەوەستێت، چونکە هەمیشە لە شیعردا نیشتەجێیە، تەنها بە زمانی شیعر دەتوانێت بدوێت تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دەبێ بە زمانی فەلسەفە قسە بکات.

جگە لەو دیدە فەلسەفییەی لە لێکۆڵینەوەو تیۆرییە ئەدەبییەکانیدا هەیە، هەمان دید و تێڕوانین بەشێوەیەکی فراوانتر لە نووسینە فیکرییەکانیشیدا دەبینین و پرسیاری فەلسەفیی لە چەشنی ئەنتۆلۆجی و ئیپستیمۆلۆجی دەوروژێنێت، بۆ نموونە: سروشتی حەقیقەت چییە؟ پەیوەندیی نێوان واقیعی دیار و واقیعی نادیار چییە؟ پەیوەندیی واقیع بە زمانەوە چییە؟ سروشتی مەعریفەی شیعری چییە؟ چ پەیوەندییەك لە نێوان ئەزموونی شیعری و ئەزموونی سۆفیزمدا هەیە؟ ئایا مەجاز (میتافۆر) وەسیلەیەکە بۆ ئیپستیم؟ ئاخۆ ئیپستیمی ئەقڵی بەرزترین جۆری ئیپستیمە؟ ئایا بوون یەکە یان فرەیە؟ ئاخۆ دەشێت دەستبەسەر حەقیقەت لە خۆیدا، بگرین؟

ئەدۆنیس لە چوونە نێو وەڵام و یەکالاکردنەوەی ئەو پرسیارانەدا دەستبەرداری کەرەستە لۆجیکی و شیکردنەوە فەلسەفییەکان دەبێت بەتایبەتی دیالێکتیکی سوکرات، بۆچی؟ چونکە ئەدۆنیس بە گیان و هەست و خەیاڵێکی

شیعری و بەڕێگەیەکی نائەقلانی دەچێتە نێو نهێنییەکانی بوون، واتە بەڕێگەیەکی شیعری لە مانا فەلسەفییەکانی ژیان رادەمێنێت، چونکە شیعر لەلای ئەدۆنیس جۆرێك لە ئیپستیمی نائەقلانی دەنوێنێت، یان ئەوەی کە تێڕوانینی مەعریفیی راستەقینە پێویستی بە چوونە نێو ئەودیوی هەستەکان هەیە.

مرۆڤ هەندێجار وا هەست دەکات کە فیکرەکەی تەنها لە سەریدا نییە بەڵکو لە هەموو جەستەیدایە، دەشێت هەندێجار لە هەردوو پێدا ئامادەبێت پتر لەوەی لەسەردا ئامادەیە، حەقیقەتیش لە دەرەوە نایەت، واتە لە کتێب یان لە شەرع یان لە یاسا یان لە بیر و رێنوێنییەکانەوە نایەت، بەڵکو لە ناوەوە دێت، لە ئەزموونی زیندووەوە دێت، لە خۆشەویستی و لە پەیوەندیی بەردەوامدا لەگەڵ شتەکان و گەردووندا دێت. لێرەدا ئەقڵ هەموو شتێك نییە، زانینی حەقیقەتیش سەرتاپای مرۆڤ دەگرێتەوە نەك تەنها لایەنی ئەقڵیی مرۆڤ. خەیاڵ یەکێکە لە پێکهاتە هەرە گرنگەکانی بیر و ئەندێشەی مرۆڤ کە ئەدۆنیس بایەخێکی زۆری پێدەدات و زمانی شیعر لە لۆجیك دوور دەخاتەوە.

زمانی رەهاو جیهانی بێسنوور

ئەدۆنیس وایدەبینێت کە سروشتی شیعر خۆی، ئەو دوورکەوتنەوەیەی نێوان زمانی شیعر و لۆجیك تەفسیر دەکات، ئەدۆنیس دەڵێ نهێنی شیعر لێرەدایە، واتە لەو تایبەتمەندییە شیعرییەدایە کە گوزارشت لە جیهانێك دەکات زمانی ئاسایی دەستەوستانە لە بەرامبەریدا. زمانی ئاسایی زمانێکی دیاریکراو و سنووردارە، کەچی جیهان سنووری نییە، ئێمە ناتوانین بەشتێکی سنوردار گوزارشت لە جیهانی بێ سنوور بکەین، بۆیە زمانی شیعر زمانێکی رەهاو هەمیشە کراوەو بێسنوورە بۆ گوزارشتکردن لە رەهەند و لە نهێنییەکانی ژیان و بوون.

لێرەوە ئەدۆنیس هەوڵێکی زۆری داوە خۆی لە کۆتەکانی لۆجیك و رێسا و یاساکانی میتۆدێکی برینگ رزگار بکات، ئەمەیش لە راستیدا گوزارشتە لە هەڵوێستێکی فەلسەفی کە چەند رەهەندێکی ئیپستیمۆلۆجی و میتازمانەوانیی هەیە، دەرەنجامی ئەم هەڵوێستەیش ئەو گوتەیەیە کە دەڵێت مەعریفەی ئەقڵی باڵاترین جۆری مەعریفە نییە، شیعریش رێگەیەکە لەو رێگە نائەقڵییانەی دەگاتە بەرزترین مەعریفەی حەقیقەت. لێرەوە روون دەبێتەوە کە دوورکەوتنەوەی ئەدۆنیس لە یاسا و رێساکانی لۆجیك و میتۆد شتێکی سروشتی نییە کە لە سروشتی نووسینی شیعرییەوە هاتبێتە دەرێ، بەڵکو گوزارشتێکیشە لە هەڵوێستی لە بەرامبەر ئەقڵ و بچووککردنەوەی توانای ئەقڵ کە هەموو مەعریفە بەشەرییەکان لەسەر تواناکانی ئەقڵ نەوەستاون. شیعریش گرنگترین پاڵپشتە بۆ مەعریفەی فەلسەفی.

مەعریفەی فەلسەفی هەوڵدەدات بگاتە شوێنێکی دوورتر لەوەی ئەقڵی ئاسایی و ئەقڵی زانستی پێی گەیشتوون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت بازێکی گەورە بدات تا بگاتە شوێنێکی دوورتر، ئیدی وەك دیلی لۆجیك و چوارچێوەکانی میتۆد دەمێنێتەوە. لێرەدا رۆڵی "ئیپستیمی" نائەقلانی دێتە پێشێ، واتە ئیپستیمی شیعری، بۆ تەواوکردنی ئەو هەنگاوانەی کە ئیپستیمی فەلسەفی ناتوانێت تەواویان بکات. کەواتە شیعر دەمانگەیەنێتە مەعریفەیەك قووڵتر لە مەعریفەی فەلسەفی، یان بڵێین مەعریفەیەکی فەلسەفی قووڵتر لە مەعریفەی فەلسەفیی ئەقڵی.

فاکتەرەکانی پێکهاتەی فیکریی ئەدۆنیس

هەر داهێنەرێك لە بواری ئەدەب و هونەردا دید و جیهانبینی خۆی بۆ ژیان و شتەکان رادەگەیەنێت، ئەمەیش شتێکی سروشتییە کە تێڕوانینی فەلسەفییانە لەو کارانەدا ببینین، چونکە کاری مەزنی هەر داهێنەرێك بەشێکە لە ژیان و ئەزموون و بیر و هەڵوێست و توانای داهێنەرەکە، بگرە پەیوەستە بەلایەنی سایکۆلۆژیی داهێنەرەکە، واتە پەیوەستە بە هەموو ئەو هۆکارانەی کەسایەتیی داهێنەرەکەیان خوڵقاندووە، لێرەوە دەشێت بەدوای ئەو فاکتەرانەدا بگەڕێین کە توانایەکی جیاواز بە داهێنەرەکە دەبەخشێت و رۆڵێکی گەورەی دەبێت لە پێکهێنانی کەسایەتیی فیکری و رۆشنبیریی داهێنەر.

کەواتە لێرەدا پەنا دەبەینە بەر زانینی ئەو فاکتەرانەی بەشێوەیەکی بنچینەیی بەشدارییان لە دروستکردنی کەسایەتیی فیکریی خاوەن داهێنانێکی گەورەدا کردووە. کەواتە لێرەوە دەپرسین: ئەو فاکتەرانە چین کە بەشدارییان لە پێکهێنانی کەسایەتیی فیکریی ئەدۆنیسدا کردووە؟

بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، پێویستە ئەو تێبینیەی نووسەری کتێبەکە بە بیر خوێنەر بهێنینەوە کە دەڵێت کەسایەتیی فیکریی ئەدۆنیس دابڕاو نییە لە کەسایەتیی شیعریی. پێکەوە گرێدانی لایەنی فیکری و شیعری لە ئەدۆنیسدا، وای لێکردووە وەکو شاعیرێکی بیریار بنووسێت، بە ئەقڵ و زمانێکی شیعری بیری فەلسەفی دابڕێژێت کە ئەو بیرە فەلسەفییە لە بنەڕەتدا گەلاڵەی نێو ئەزمونە شیعرییەکەیەتی نەك خوێندنەوەی فەلسەفە و رامان لە ژیان و جیهان لە دەرەوەی شیعردا، بۆیە دەشێت ئەم وەسفەی خوارەوە بۆ ئەدۆنیس بەرەوا بزانین کە "بیریاری شاعیران و شاعیری بیریارانە".

وتمان کەسایەتیی شیعریی ئەدۆنیس بەر لە کەسایەتیی فیکریی لەدایك بووە، بەر لەوەش هەندێ فاکتەری وەکو: (یەکەمین ژینگە، پەروەردەی ماڵەوە لەسەر دەستی دایك و باوکی، پەیوەندیەکانی دەوروبەر و سروشتی شوێنی نیشتەجێبوون و.. هتد) کاریان لە پێکهاتەی سایکۆلۆجیی ئەم داهێنەرەماندا هەبووە. لێرەدا پێکهاتەی سایکۆلۆجیی ئەدۆنیس بەر لە پێکهاتەی شیعرییدا بووە و پێگەیشتنی فیکریشی لە دوای پێگەیشتنی شیعرییەوە بووە. کەواتە کەسایەتیی فیکریی ئەدۆنیس لەناو مناڵدانی کەسایەتیی شیعرییەوە هاتۆتە دەرێ نەك بە پێچەوانەوە.

ئێستا لەو فاکتەرانە دەدوێین کە رۆڵی بنچینەییان لە پێکهاتەی شیعری و فیکریی ئەدۆنیسدا هەبووە. نووسەری کتێبەکە وایدەبینێ لێرەدا ژمارەیەك فاکتەری سەرەکی لە رێچکەی ژیان و مەعریفیی ئەدۆنیسدا هەیە، بەڵام سێ فاکتەری گرنگ دەستنیشاندەکات کە بایەخێکی تایبەتییان بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئەو هەیە، یەکەم: پەیوەندیکردنی بە بزوتنەوەی نەتەوەیی کۆمەڵایەتیی سووری، دووەم: لە تەمەنێکی زوودا کەلەپووری سوفی و شیعیی ناسیوەو تێکەڵیان بووە، سێیەم: لە نیوەی دووەمی پەنجاکاندا دیمەشقی جێهێشت و گواستیەوە بۆ بەیروت.

لەوانەیە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین فاکتەری یەکەم – واتە پەیوەندیکردنی بە بزوتنەوەی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی سووری – لە سەرووی فاکتەرەکانی ترەوە دێت کە رۆڵێکی گرنگی لە گەلاڵەکردنی دید و تێڕوانینی ئەدۆنیس بۆ شتەکان هەبووە، بەتایبەتی ئەوکاتە ئەدۆنیس لە تاف لاویدا بووە و لە سەرەتای دەرککردنی شتەکاندا بووە.

فاكتەری یەكەم دیدی ئەدۆنیسی بۆ زۆر مەسەلە گۆڕی، لەوانە: تێڕوانینی بۆ ڕابردوو، ڕۆشنبیریی باو و تەقلیدیی نێو خەڵك، باوەڕهێنان بە بیرۆكەی گۆڕانكاری، نوێكردنەوە لە شیعردا، تازەگەری بە مانا بەرفراوانەكەی.

جیاوازی و لێكبوردن

خاڵێكی تری گرنگ لە فاكتەری یەكەمدا ئەوەیە كە ئەدۆنیس لە ماوەی ژیانی حزبیدا، لەلایەن نەیارانی ئەو حزبەوە، دوچاری چەوسانەوەی دەروونی بوو و بەهۆی بیروباوەڕی و ئینتیمای بۆ حزبی نەتەوەیی كۆمەڵایەتی سووری، ئازاری سایكۆلۆجی دەدرا، سەرباری ئەوە ئەدۆنیس سەر بە كەمایەتیی عەلەوی بوو كە بەهۆی ئەمەشەوە دوچاری دوورخستنەوە و پەراوێز خستن بوو لە نێو ژینگەیەكی سوننی كۆنەپارێز كە جیاوازی و لێبوردەیی ناناسێت. كەواتە سەیر نییە كە "جیاوازی" ببێت بە یەكێك لە تەوەرە هەرە گرنگەكانی بیری ئەدۆنیس و ئەزموونە شیعرییەكەی.

هەروەها مەسەلەی لێبوردەیی و لێكبوردن و پێكەوە ژیانی ئاشتییانەی جیاوازییەكان و زەرورەتی هەبوونی جیاوازی، ئەمانە لەسەرجەم نووسین و شیعرەكانی ئەدۆنیسدا بایەخێكی گەورەیان پێدراوە كە لە دیدێكی قووڵی فەلسەفییەوە لەم كێشانە دواوە.

پەیوەندیی ئەدۆنیس بە (ئەنتوان سەعادە)ی دامەزرێنەری بزوتنەوەی نەتەوەیی كۆمەڵایەتی پەیوەندییەكی ساكار و تێپەڕ نەبوو، تا كاتی جیابوونەوەی لەو بزوتنەوەیە، كەسێكی ئەمەكداری بیروباوەڕەكانی ئەنتوان سەعادە بوو، بەڵام نەك بە ڕووكاری و بەبێ ئارگۆمێنت لەگەڵ كتێبەكانی سەعادەدا، بەڵكو بەردەوام بەدوای ئەو تێزانەدا دەڕۆیشت و پەرەی پێدەدان تا شتی زیاتر فێربێت. بە پێچەوانەی سادق جەلال عەزم كە بۆ ماوەیەكی كورت لەو بزوتنەوەیەدا مایەوە بێئەوەی هیچ چالاكییەكی هەبێت. بەڵام ئەدۆنیس لەماوەی دەساڵی مانەوەی لەو حزبەدا چەندین چالاكیی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیی هەبووە بە هاندانی ئەنتوان سەعادە، بۆیە لە سێدارەدانی ئەنتوان سەعادە ئازارێكی دەروونیی گەورەی بۆ ئەدۆنیس جێهێشت.

وەنەبێ ئەدۆنیس لەگەڵ تەواوی بۆچوونەكانی سەعادەدا بووبێت، بەڵكو لە چەندین تەوەردا بە پێچەوانەی سەعادە بیری دەكردەوە، بەتایبەتی ئەو كاتەی بەرپرسی كاروباری ڕۆشنبیریی بزوتنەوەكە بوو، گفتوگۆی لەگەڵ دەكرد، ئەنتوان سەعادە وایدەبینی كۆمەڵگە لە سەرووی تاكەكەسەوەیە و دەبێت تاكەكەس لە خزمەتی كۆمەڵدا بێت، بەڵام ئەدۆنیس بە پێچەوانەوە هەمیشە دەیووت تاكەكەس ئامانجی سەرەكییە و لە پێش كۆمەڵگەوەیە و نابێت تاكەكەس لە كۆمەڵدا بتوێتەوە، ئەم دیدە دەگەڕێتەوە بۆ گیانی هونەرمەندێتی لە ئەدۆنیسدا كە شەیدای تاكگەرایی و خودگەراییەو داهێنانیش پرۆسەیەكی خودیی تایبەتییە بە تاكەكەسەوە.

ئەدۆنیس و سۆفیزم

ئەدۆنیس هەر لە تەمەنێكی زووەوە ئاشنای بیری سۆفیزم بوو، بەر لە قۆناغی زانكۆ هەندێ لە كتێبەكانی كەلەپوری سۆفیزمی خوێندبووەوە، لە زانكۆشدا پەیوەندیی بە سۆفیزمەوە قووڵتر بووەوە و بەرهەمی ئەو پەیوەندییەیش بریتی بوو لە تێزی ماستەر نامەكەی لە زانكۆی دیمەشق بەناوی (الهو –هو عند المكزون السنجاري)، لە سەرەتای

نەوەدەکانی سەدەی بیستەمیشدا کتێبە گرنگەکەی چاپ کرد بە ناوی "سۆفیزم و سوریالیزم" کە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و فەلسەفیی قووڵە لە بارەی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان سۆفیزم و سوریالیزم.

کاریگەریی سۆفیزم لەسەر ئەدۆنیس کاریگەرییەکی قووڵە، شیعرەکانی تێراوکردووە بەهێمای سۆفییانە، چونکە پێیوایە لێکچوونێکی گەورە لە نێوان ئەزموونی شیعری و ئەزموونی سۆفیزمدا هەیە، بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین کە هێمای سۆفییانە لە شیعرەکانی ئەدۆنیسدا بارگاوی نییە بە ئایین، بەڵکو ئەو هێمایانە لە مانا ئایینیەکانی بەتاڵکراونەتەوە. بەڵام ئەگەر مانای ئایینی لە سۆفیزم داماڵین، چیی تیا دەمێنیٚ؟

بۆ ئەوەی بزانین وەڵامی ئەدۆنیس بۆ ئەم پرسیارە چییە، با لە سەرەتادا لەو لایەنانەی سۆفیزم بدوێین کە کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر ئەدۆنیس هەبووە، لایەنی یەکەم پەیوەندیی بە بیرۆکەی وەسف نەکردنەوە هەیە، واتە *Ineffability* (اللاموصوفیه)، واتە ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت "ناکۆتایی" شتێکە قابیلی وەسفکردن نییە لە ڕووی پرەنسیپەوە (لێرەدا ناکۆتایی بریتییە لە خودا لە بیری سوفیدا). لە باشترین حاڵەتدا دەتوانین بڵێین ناکۆتایی بریتییە لەوەی کە نە ئەم شتەیە نە ئەویدی، جیهانی ئەو ناکۆتاییە جیهانی نهێنییەکانە کە هەمیشە بە نهێنی دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە مومکین نییە ڕاستییەکانی ئەو جیهانە نهێنییە بسەلمێنرێت، بەڵکو تەنها دەشێت بە ئیحا و هێما ئاماژەی بۆ بکرێت.

ئەم بیرۆکە سۆفیزمە لەسەر دەستی ئەدۆنیسدا بوو بە بیرۆکەیەك پابەندی جیهانی شاعیرە، واتە ئەو جیهانەی شاعیر هەوڵدەدات بیسمیٚ و بچێتە ناوی و کەشفی بکات و لە میانی ئەزموونە شیعرییەکەیەوە بیناسێت. واتە لێرەدا جیهانی شاعیر لە جیهانی سۆفیزم دەچێت، جیهانی نهێنییەکان و ناکۆتایی و بێسنوور کە لە ڕێگەی هەست و ئەقڵەوە دەستی لێنادرێت، جیهانێکە ئەقڵی ئاسایی نایناسێت و پڕە لە شیعر و سیحر.

کەواتە بیرۆکەی نامەوسوفیەت لە مانا ئاینییەکەی بەتاڵکراوەتەوەو لە زەینی ئەدۆنیسدا تەنها پابەندە بەلایەنی نادیاری بوون کە بە مانا هایدگەرییەکەی لە (کەینونە) دەچێت.

بە کورتی سۆفیزم لە تێگەیشتنی ئەدۆنیسدا بریتییە لە زیندەگی و بزاوت "دینامیك" نەك جێگیر و بێجوڵە "ستاتیك". هەڵوێستی ئەدۆنیس لە سۆفیزم – پاش بەتاڵکردنەوەی لە مەدلولە ئاینییەکەی – هەڵوێستێکە ناوی دەنێت "سۆفیزمی هونەر" کە ئەو هەڵوێستە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەبێتەوە:

یەکەم: ئەم هەڵوێستە داوای جیابوونەوە لە واقیع ناکات، بەڵکو داوای جیابوونەوە لە دیاردەی ڕاستەوخۆیی دەکات بۆ ئەوەی بگاتە قووڵایی واقیع تا لە دیارەوە بۆ نادیار بڕوات.

دووەم: جەخت لە "ئەزموونی زیندوو" دەکات نەك "تەجریدی تیۆری"، لێرەدا ڕوانینی هونەری ملکەچی پێوەرەکانی ئەقڵ نابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم دیدە هونەرییە ئەقڵ دەکات بە ملکەچی پێوەرەکانی خۆی.

سێیەم: ئەم هەڵوێستە ژیان ڕەتناکاتەوە بە سیفەتی ئەوەی ژیان بریتییە لە ژیانی لە نێو چوو لە دیدی سۆفیستە ئاینخوازەکان، بەڵکو ئەو لایەنانەی ژیان ڕەتدەکاتەوە کە "ژیانی ڕاستەقینە دەشارێتەوە".

چوارەم: لەم هەڵوێستەدا سۆفیزم جێنشین و بێجوڵە نییە بەڵکو گەشتێکی بەردەوامە بە نێو شتەکاندا بەرەو نێوجەرگەی جیهان، بەو جۆرە تەماشای دنیا دەکات کە جوڵانەوەیەکە تەواو نابێت، داهێنانیش ڕۆیشتنێکی بەردەوامە بەرەو پێشەوە و هەرگیز تەواو نابێت.

پێنجەم: ئەمە سۆفیزمێکی پێکهاتەییە بە مانا دیالێکتیکییەکەی، هاوگونجانێك لە نێوان لایەنە دژەکان دروست دەکات بە جۆرێك وایدەبینێ هەر دژێك تەواوکەری دژەکەی تریەتی.
شەشەم: مانای قووڵی ئینسان لەو شوێنەدا پەنهانە کە بەردەوام سەیری ناکۆتایی دەکات، خاسیەتی هونەریش بریتییە لە چۆنێتی گوزارشتکردن لەو بێکۆتاییە.
حەوتەم: شتی باوو گشتی جێدەهێڵێت بەرەو جیهانی نادیار، سروشتی تێڕوانینی هونەریی ئەم هەڵوێستە لەوەدایە کە هەمیشە هەوڵدەدات منداڵێتی جیهان کەشف بکات.
هەشتەم: ئەمە سۆفیزمێکی دینامیك و پڕ لە جوڵە و گۆڕانە و هەمیشە کار بۆ ئەوە دەکات جیهان لە وێنەیەکی تازەو جیاوازدا پێشکەش بکات و لە میانی ئەزموونێکی تازەو جیاوازدا بیخاتە ڕوو.
نۆیەم: دژی هەموو سیستمێکی داخراوە، جا ئەو سیستمە فەلسەفی بێت یان ئایینی یان ئەخلاقی یاخود سیاسی، ئەمە کرانەوەو جووڵانەوەیە.
دەیەم: بەو شێوەیە سەیری داهێنان دەکات کە بریتییە لە پڕکردنەوەو لێڕژان و شەتەح، لە دەرەوەی هەموو سانسۆرێکی ئەقڵی.

لە نێوان دیمەشق و بەیروت

فاکتەرێکی تر کە بایەخێکی گرنگی لە پێگەیاندنی ڕەوتی شیعریی و فیکریی ئەدۆنیسدا هەبووە، کۆچکردنی بووە لە دیمەشقەوە بۆ بەیروت، ئەوسا تەمەنی بیست و شەش ساڵ بوو. گواستنەوە بۆ بەیروت خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو لە ژیانیدا چونکە لەوێدا هەلومەرجێکی تری هاتە پێش و کۆمەڵێ دەرفەتی نوێی لە بەردەمدا کرایەوە، کەشوهەوای ڕۆشنبیریی بەیروت لە هەموو ئاستەکاندا یارمەتیدەرێکی باشی پەرەسەندنی شیعریی و فیکریی ئەدۆنیس بوو، لەوێدا ئەزموونی شیعریی دەوڵەمەندتر کرد و چەند ڕەهەندێکی تری ناسی کە پێشتر بە ئەندازەیەکی کەمتر دەیناسین، بەتایبەتی ڕەهەندی فەلسەفی و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا.
یەکێك لە دەرەنجامە گرنگەکانی ئەو گواستنەوەیە بۆ بەیروت، تیۆریزەکردنی شیعر بوو، لەوێدا ئەدۆنیس لەتەك داهێنانی شیعری تازەگەریدا بوو بە تیۆریستی شیعری نوێیش، چونکە شوێنگەیەکی بڵندی لە بزووتنەوەی شیعری نوێدا گرتبوو بە تایبەتی ئەو کاتەی لەگەڵ یوسف ئەلخالدا گۆڤاری (شیعر)یان دەردەکرد، ئەوسا ئەدۆنیس بەردەوام بیری لەماناکانی مۆدێرنە و مۆدێرنیزم لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا دەکردەوە نەك تەنها لە شیعر و ئەدەبدا.
چۆن نوێکردنەوە و نوێکاری دیاریی بکەین؟ ئەدۆنیس لە زۆر شوێندا بە قووڵی بەدوای ئەو پرسیارەدا دەچێت، بەتایبەتی لە کتێبە گرنگەکەی "ستاتیك و دینامیك" کە تێزی دکتۆراکەیەتی و، بە درێژایی ئەو کتێبە لە هۆکارە مێژووییەکانی بزاوتی نوێکردنەوە دەدوێت، ئەو پێی وایە خوڵقاندنی سیستمێکی نوێ لە بیرکردنەوە و گوزارشتکردن مەرجێکی هەرە پێویستی پرۆسەی نوێکردنەوەیە، کاتێك دەڵێین شاعیرێك ڕێگەکانی گوزارشتکردن و دەربڕینی گۆڕیوە، واتە لە بنەڕەتدا ڕێگەی بیرکردنەوەی گۆڕیوەو تێڕوانینی بۆ شتەکان تێڕوانینێکی تازەیە و دیدو جیهانبینییەکی نوێ و جیاوازی لە لا گەڵاڵە بووە.

لە بەیروتدا ئەدۆنیس بەشێوەیەکی قووڵتر دەستی کرد بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی مێژووی کولتووری عەرەبی و شیعری جیهانی و هەروەها وەرگێڕانی شیعری هەندێ لە شاعیرە ناودار و داهێنەرەکانی جیهان وەك شیعرەکانی سان جۆن پێرس، لەو ساتەدا ئەدۆنیس لە ململانێیەکی توندا دەژیا لەگەڵ لایەنگرانی شیعری کۆن و سەلەفییەکان، ئیدی لە چەندین نووسین و لێکۆڵینەوەدا دەستی کرد بە داکۆکیکردن لە تازەگەری و تیۆریزەکردنی شیعری نوێ.

یەکەم دەرکەوتەی فەلسەفی لە شیعرەکانی ئەدۆنیسدا، لە گەڕانیدا بوو بە دوای ماناکانی شیعر، ئەمەیش کارەکانی ئەوی بارگاوی کرد بە ئاگاییەکی تیۆرییانەی شیعری بە جۆرێك شیعر بوو بە چەشنێك لە میتاشیعر، لەم دۆخەشدا شیعر و میتاشیعر دوو ڕووی دراوێکن، واتە کاری شیعریی بریتییە لە تەماهیی نێوان شیعر و فەلسەفەکەیدا، بەو پێیەی داهێنانی شیعری لەگەڵ خۆیدا فەلسەفەی خۆیشی هەڵگرتووە، ئەمە هەمان ئەو تێڕوانینەیە کە هایدگەر لە بەرامبەر هۆڵدەرلیندا هەیەتی و لە وتاری "هۆڵدەرلین و ماهییەتی شیعر"دا بەدوای دید و مانا فەلسەفییەکانی شیعری هۆڵدەرلیندا دەگەڕێت.

دانەری کتێبەکە د. عادل ضاهر وایدەبینێ کە هەوڵەکانی بۆ خوێندنەوەیەکی فەلسەفییانەی شیعرەکانی ئەدۆنیس، لەلای ژمارەیەك لەو کەسانەی لە فەلسەفەدا کاردەکەن، هەوڵێکی ناسەرکەوتووە، هەروەك چۆن هایدگەریش لە خوێندنەوەی شیعرەکانی هۆڵدەرلیندا دوچاری هەمان کێشە بووەوە، ئەمەیش لەو تێڕوانینەوە هاتووە کە ناشێت فیکر و فەلسەفە لە شیعردا هەبێت، واتە ڕەخنەی ئەو جۆرە کەسانەی لە بواری فەلسەفەدا کاردەکەن، ڕەخنەیەکە داوا دەکات سنوورێکی جیاکەرەوە لە نێوان شیعرییەتی شیعر لە سەرێك و فیکر لە سەرێکی تر دابنرێت، واتە جیاکردنەوەی ئەحکامە ئیستاتیکییەکان و ئەحکامە ئەقڵییەکان، ئەم دید و تێڕوانینە لەلای هایدگەر ئاوەژوو دەبێتەوەو ئەم دێت شیعر و فیکر، یاخود ئیستاتیکا و ئەقڵ لە یەکتر نزیك دەکاتەوە و ڕەهەندێکی فەلسەفی و فیکری لە شیعردا دیاری دەکات، ئەو کاتیگۆرییە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت فەلسەفە پابەندە بە ئەقڵ و حەقیقەتەوە، شیعریش پابەندی وەهم و هەڵچوونە.

هەوڵەکانی ئەدۆنیسیش لە بواری نووسینی شیعری و تیۆریزەکردنی شیعریدا دەچێتەوە سەر هەمان ڕەوت، لێرەدا مومکین نییە کاری شیعری تایبەتمەندیی شیعریی خۆی بپارێزێت ئەگەر فەلسەفە بەراستەوخۆیی و وتراوی لە شیعرەکەدا هەبێت نەك بەشێوەیەکی ئیحائی. کەواتە بیری فەلسەفی و ئیشراقاتی فیکری لە شیعری داهێنەرانی وەکو ئەدۆنیس و هۆڵدەرلیندا بەشێوەیەکی ئیحایی و تیشکهاوێژ دەردەپەڕێت.

1- **شيعر**

(دليلة)، 1950، **ديمەشق** .

(قالت الارض)، 1954، **ديمەشق** .

(قصائد اولى)، **بەيرووت، چاپی یەکەم**، 1957 .

(اوراق في الريح) **بەيرووت، چاپی یەکەم**، 1958 .

(أغاني مهيار الدمشقي) **بەيرووت، چاپی یەکەم**، 1961 .

(كتاب التحولات والهجرة في أقاليم النهار والليل)، **بەيرووت، چاپی یەکەم**، 1965.

(المسرح والمرايا)، **بەيرووت، چاپی یەکەم**، 1968 .

(وقت بين الرماد و الورد)، **بەيرووت، چاپی یەکەم** 1970 .

(هذا هو اسمي) **بەيرووت، چاپی یەکەم** 1980 .

(مفرد بصيغة الجمع)، **بەيرووت، چاپی یەکەم** 1977 .

(كتاب القصائد الخمس) **بەيرووت، چاپی یەکەم** 1979 .

(المطابقات والاوائل) **بەيرووت، چاپی یەکەم** 1980 .

(كتاب الحصار) **بەيرووت، چاپی یەکەم** 1985 .

(شهوة تتقدم في خرائط المادة)، **دار توبقال للنشر**،المغرب، 1987 .

(احتفاء بالاشياء الغامضة الواضحة) **بەيرووت، چاپی یەکەم**، 1988 .

(ابجدية ثانية) دار توبقال للنشر، الدار البيضاء – 1994 .

(الكتاب: امس المكان الان) **بەيرووت**، 1995 .

(فهرس لاعمال الريح) **دار النهار–بيروت** 1998 .

(**أول الجسد** آخر **البحر**)، دار الساقي، بيروت 2003.

(**تنبأ، ايها الاعمى**)، دار الساقي، **بيروت** 2003.

(**تاريخ يتمزق فى جسد امرأه**)، دار الساقي، بيروت 2007.

(اهدأ، هاملت، تنشق جنون اوفيليا)، دار الساقي، **بيروت** 2008.

2- **لێکۆڵینەوە :**

....

(مقدمة للشعر العربي) **بەيرووت، چاپی یەکەم** 1971 .

(زمن الشعر) **بەيرووت، چاپی یەکەم** 1972 .

(الثابت والمتحول- بحث في الاتباع والابداع عند العرب)

أ- (الاصول - 1974 .

ب- تأصيل الاصول - 1976 .

ج- صدمة الحداثة وسلطة الموروث الديني - 1978 .

د- صدمة الحداثة وسلطة الموروث الشعري- 2001

(فاتحة لنهايات القرن) **بەیرووت، چاپی یەکەم،** 1980 .

(سياسة الشعر – دراسات في الشعرية العربية المعاصرة) **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1985 .

(الشعرية العربية) **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1985 .

(كلام البدايات) **بەیرووت، چاپی یەکەم** / 1989 .

(الصوفية و السوريالية) **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1992 .

(مختارات من شعر يوسف الخال) **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1962 .

(مختارات من شعر السياب) **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1967 .

(مختارات من شعر شوقي) **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1982 .

(مختارات من شعر الرصافي) **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1982 .

(مختارات من شعر الكواكبي) **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1983 .

(مختارات من شعر محمد عبده) **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1983 .

(مختارات من شعر محمد رشيد رضا) **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1983 .

(مختارات من شعر الزهاوي) **بەیرووت، چاپی یەکەم** 1983 .

(**مختارات من الامام محمد بن عبدالوهاب**)، **بیروت،** 1983.

(**ئەم شەش كتێبەی دوایی لەگەڵ خالیدە سەعید شیعرەكانیان هەڵبژاردووەو پێشەكییان بۆ نووسیوە**) .

(النظام والكلام) – **بیروت** – 1993 .

(النص القرأني وأفاق الكتابة) – **بیروت** – 1993 .

(ها انت ايها الوقت: سيرة شعرية ثقافية) – 1993 .

(موسيقى الحوت الازرق) بيروت، 2002.

(المحيط الاسود)، بيروت، 2005.

3- **وەرگێڕان :**

....

(الاعمال المسرحية الكاملة لجورج شحادة)، الكويت، 1972 – 1975 .

(الاعمال الشعرية الكاملة- سان جون بيرس)، **دمشق،** 1976 – 1978 .

(مسرحيتان لراسين)، (فيدر) الكويت 1975، (الشقيقان العدوان) **دمشق** 1975 .

(الاعمال الشعرية الكاملة-أيف بونفوا)، **دمشق**، 1986 .

بەرهەمە چاپكراوەكانی وەرگێڕ:

- **ئەركەكانی ڕێكخراوی لاوان، نووسینی: لینین، وەرگێڕانی بەناوی خوازراوی (هەڵگورد) لەبڵاوكراوەكانی یەكێتی خوێندكارانی كوردستان، بالیسان**، 1984.
- **شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، (دەق و ڕەخنە)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی**، 2001.
- **بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، (كۆمەڵێ وتاری وەرگێڕدراو)، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر**، 2001.
- **گفتوگۆ لەكەڵ ئەدۆنیس، مندالی-شیعر-تاراوگە،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەكەم**- 2001، **چاپی دووەم** 2008.
- **ئایین و عەلمانییەت و كۆمەڵگای مەدەنی، گفتوگۆ لەگەڵ د. محەمەد ئاركۆن، سازدانی: هاشم ساڵح، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر**، 2002.
- **لەنێوان بلیمەتی و شێتیدا، نووسینی: هاشم ساڵح، كتێبی گیرفان** (23) **دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەكەم** 2002، **چاپی دووەم لە كتێبخانەی سۆران لە هەولێر** 2004.
- **مەملەكەتی تیشكەكان، كۆمەڵێ چیرۆكی جەلیل قەیسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی**، 2002.
- **عەلمانییەت و ئایین: ئیسلام-مەسیحییەت-خۆرئاوا، نووسینی: د. محەمەد ئاركۆن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەكەم** 2005. **چاپی دووەم پرۆژەی شەست كتێبی ڕێكخراوە دیموكراتییەكان** 2009.
- **ئیسلام و گلۆبالیزم، د. محەمەد ئاركۆن، كتێبی گیرفان** (66)، **دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی**،2005.
- **ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەكی ڕەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی**،2006.
- **ئیسلام و عەلمانییەت، د. محەمەد ئاركۆن، سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكری و ئەدەبیی نما، هەولێر**، 2007.
- **داڕشتنی دەستوری هەمیشەیی و ئایندەی سیاسیی عێراق، د.مونزیر فەزڵ، لەبڵاوكراوەكانی بەشی چاپ و بڵاوكردنەوەی رادیۆی نەوا، سلێمانی**، 2005.
- نصوص كردية حديثة، قصائد وقصص مترجمة، دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، 2008.
- المدينة في قصص جليل القيسي، قراءة سايكو-سوسيولوجية، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية اللغات-قسم اللغة العربية في جامعة السليمانية، 2008، (غير مطبوعة).

- شوناسی تەواونەكراو، داهێنان-ئایین-سیاسەت-سێكس، نووسینی: ئـەدۆنیس، لـەبلاوكراوەكانی رەخنـەی چـاودێر، سلێمانی، 2008.
- نوێكردنەوەی ئەقڵی عەرەبی، نووسینی: ئەدۆنیس، كتێبی گیرفان زنجیرە (105) دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سلێمانی 2009.
- سەرەتایەك لەبارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بەرێوەبەرایەتیی چاپ و بلاوكردنەوەی سلێمانی، 2009.